گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issu SpB 2024
ID No. 1437(PP 62-87)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.4

توێژینەوە

# ڕێورەسم و شێوازەکانی مردووناشتن لای ئورارتو"لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە"

**دیدار عوسمان رسول/** بەشی مێژوو، مێژووی کۆن، زانکۆی زاخۆ

**عماد عبدالقادر مزوری /**بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی راپەرین

## پوختە

لێکۆڵینەوە لە ناشتنی مردوو ورێورەسمەکان بابەتێکی گرینگ و پڕ بایەخە لە شارستانیەتی ئورارتو، هاوکات نەریتی ئەم شانشینە بەجۆرێك لە کە پاشاکانیان پێکەوە دەنێژران لە ناو قەڵا گەورەکان یان گۆڕە بەردییەکان کە ژوورێک پێکهاتبوو، لە کاتێکدا مرۆڤە ئاسایەکان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتیان لەناو گۆڕی ژوورەکاندا دەنێژران کە لە ژێر زەویدا دروستکرابوون، یا لە گۆڕی خاکێکی سادە، یان دوای سووتاندن دەنێژرانە ناو ئەو کوپانەی کە پێیان دەگوترا ' urne' تەرمی مردووەکە تەنها لە تەنیشت گۆڕستانەکە کە ئێسکی سووتاوەکە بەکاردەهێنرا بۆ ئەوەی بە باشی لەناو کوپەکەدا دابنرێت. ئورارتوییەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبووە، وەک لە کولتور مۆدێرن ناشتنی ئەو سەردەمە، ڕێورەسمەکانی پەیوەست بە مردن، خواردن و دیاری کە لە گۆڕکانیان بەجێماوە.

لە بەردەکانی قەڵای وان (توشپا)دا چەندین گۆڕ-ژووری شاهانە هەن، بە نەخشاندنی بەردەکان بە شێوەیەکی دروست و لە چوارچێوەی پلانێکدا بونیادنراون. تەلارسازی ڕووبەری پێشەوەی ئەم گۆڕە بەردینە نایابانە توانای ئورارتوییەکان نیشان دەدات. کە لە ژووری قەبارە جیاواز پێکهاتوون. ئەمە جگە لەو ڕێورەسمانەی کە لە کاتی ناشتنی تەرمی مردووەکانیان ئەنجامیان دابوو.

CORRESPONDENCE
دیدار عوسمان رسول
armanumed@gmail.com

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2023/05/29 |
| پەسندکردن | 2023/07/24 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/08/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
ئورارتوییەکان،
بیروباوەڕی ئورارتوییەکان،
ڕێورەسمی مردووناشتن،
گۆڕەکان و مەراسیمەکان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

پێشەکی :

لە بنەڕەتدا ئایینی ئورارتو ئاینێکی فرە خواییە ، واتە زیاد لە یەك خواوەندیان هەبووە، سەرەڕایی پاراستنی نەریتەکۆنەکانی خۆیان، بەڵام داهێنانی ناوازەشیان لە بواری ئاییندا کردووە، گرینگترینیان بۆ سەردەمی پاشا ئیشپوونی (830-810) پ.ز دەگەڕێتەوە، کە بریتییە لە نەخشاندنی ناو و وێنەی سەرجەم خواوەندەکان لە قەد پاڵی لوتکەی شاخێکی بەردین، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە دەرگای میهر[1]ی ناسراوە، نووسراوە هەڵکەندراوەکە دووجار دووبارە کراوەتەوە، ئاماژە بە ناوی 79 خواوەندی کراوە، کە مەزەندە دەکرێت ناوی سەرجەم خواوەندەکانی شانشینی ئورارتو بێت، سەرەڕای ئاماژەکردن بە جۆر و ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ خواوەندەکان کراونەتە قوربانی(A. Çilingiroğlu 1997 153-155; B. B. Piotrovskii 1965, 37-40 ).

شانشینی ئورارتو وەك دەوڵەتی ئاشووری2 هاوچەرخی و دەوڵەتانی باکووری سوریا. زانیاری زۆر نیە لەسەر لایەنی بیروباوەڕی ئاینیان، هەرچەندە هاوچەرخی ئەم نەتەوانەش بوون(Sinanoğlu 1999: 24-32). بەهۆی ناتەواوی لە سەرچاوە نووسراوەکان و پێکهاتەی ئایینی شانشینی ئۆرارتی و خواوەندەکانییان، ئەمە جگە لەوەی کە زانیاری زۆر لەسەر تایبەتمەندی و ئەفسانەکانیانیشان نییە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵەرەوان وە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە زیاتر پیشت بەلێکدانەوە و شیکارکردن ببەستن بۆ ئەو شوێنەوارانەی کە لە هەڵکۆڵینەکاندا دۆزراونەتەوە، بەمەش بابەتاکانی پەیوەست بە لایەنی ئایینی گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرن ).Cömert 1980: 3-4).

جگە لەوەش ئەو زانیاریە جێماوانەی کە لەلایەنی تەلارسازی لەسەر ئەم پرسە لە ئەنجامی دروستکردنی پێکهاتەی ئایینی هاوشێوەی پەرستگا و شوێنە بەردینیەکان و نەریتی ناشتنی شانشینیەکەدا پێشکەش کراون، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە ئایینی ئورارتو (Salvini, 2006: 196).

لە هەڵکۆڵینەکانی ئورارتودا کە تا ئەم کاتە ئەنجامدراون، زۆر کەم تابلۆی گڵین دۆزراوەتەوە. لەم تابلۆیە گڵینانەشی دۆزراوەتەوە کەمتر باسی پەیوەندی نێوان خواوەند و پاشاکان و کاهین و خەڵکی کراوە، تەنها هەندێ نووسراوی بەردین کە بە مێخی ئۆرارتی نووسراون و لە ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتی ئورارتودا دۆزراونەتەوە، بەڵکو زیاتر باس لە سەرکەوتنە سیاسییەکانی پاشاکان و چالاکییەکانی بیناسازیەکان کراوە بەپێچەوانەوە پرسە ئاینییەکان لەناویاندا بەشێوەیەکی لاوەکی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە .(Çilingiroğlu 1997: 153)

خواوەندەکانی ئورارتو کە تایبەتمەندییەکی یەکگرتووی هەیە، وەک ئایینێکی دەوڵەت دەرکەوتووە، کە لەلایەن بنەماڵەی پاشایەتییەوە پەرستراوە، بەمانایەکی تر لەلایەن شانشینییەوە پشتگیری لێکراوە.

هەڵبەتە نەریتەکانی پێش شانشین کاریگەرییان هەبووە لە سەرهەڵدانی ئایینی ئورارتودا. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئایینی ئورارتو بەپلەی یەکەم پاراستنی دەوڵەت و سنووری وڵات بووە، بەگوێرەی ئەو نووسراوانەی کە پاشاکانی

---

[1] کەوتۆتە نزیك شاری وانی ئەمڕۆ، مێهێر بە واتای "ڕووناککردنەوە" دێت. بەبۆچوونی هەندێ لە لێکۆڵەرەوان خوای خالدی لە تیشکێکی ڕووناکیدا لەم دەروازەیە دەردەچێت. جگە لەوەش لە نێو ئەفسانە جۆراوجۆرەکاندا. دەروازەی مێهێر کە لە نێوان ساڵانی ٨٢٠-٨١٠ پێش زایین لە سەردەمی پاشاکانی ئورارتی ئیسپوینی و مێنوای کوڕی بە ناوی خوای خالدی دروستکراوە. دەوری دەرگای چوارگۆشە کە بە ڕاستکردنەوەی ڕووبەری پێشەوەی بە وردبینییەکی زۆرەوە دروستکراوە، بە دوو چوارچێوە سنووردارە. 2.60 م. پان و 4 م. لە باڵادایە. ئەم دەروازەیە وەک دەروازەکانی تر بە پیرۆز دادەنرێت. لەسەر ڕووی ناوەوەی دەرگاکە نووسراوەیەکی مێخی کە لە ٤٧ دێڕ پێکهاتووە، کە وەک شووشە نەرم کراوە. وەک خۆپارێزییەک لە لەناوچوونی، دەقی ئەسڵی نوێکرایەوە و نووسراوەکە وەک خۆی لە ٩٤ دێڕ پێکهاتووە. لەم نووسراوەدا کە هەموو خواوەندەکانی شانشینی ئورارتیان بە ڕوونی باسیان لێوەکراوە. سەرچاوە : Kültür ve Turizm Envanteri III, Halk Kültürü I, Sayfa: 144

Meher Kapı Kaya Yazıtı"nın tam metni için bkz. (Payne, 2006, s.42-46).

[2] ئاشوورییەکان(Ashur) لە نەتەوە سامییەکانن، لە نیمچەدوورگەی عەرەبەوە هاتونەتە باکووری خوراوای عێراق و لەپاڵ دیجلە مانەوە. ووشەی ئاشوور لەناوی خواوەندە سەرەکییەکانەوە وەرگیراوە و یەکەم پێتەختیشیان هەر بەوە، ناو نراوە. لەسەرەتای دەرکەوتنیانەوە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەبەرابەری بنەماڵە بەهێزەکانی ناوەڕاست و باشووری میزۆپۆتامیا و سۆبارییەکان و خوریەکان لە کوردستان فەرمانڕەوایی خۆیان بچەسپێنن تا دواجار لەلایەن دەوڵەتی ماد بە تایبەت لەسەردەمی کەیخەسرەو بە هاوپەیمانیەتی پاشای کلدانی لە بابل نەبوبلاسەر بە هێرشکردنە سەر نەینەوای پایتەختی ئاشوورییەکان کۆتاییان بەو دەسەڵاتە هێنا ٦١٢ پێش زاین .

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : قوة اشور - هاري ساكز ترجمه عامر سليمان ، المنشورات المجمع العلمي بغداد 1999.

ئورارتو بەجێیان هێشتووە، ڕێکخستنی ئەو خواوەندانەی کە بە چاکسازی و بە پێی پلەی گەورەیی خۆیان ڕیزبەندیان بۆ کردووە ( Tarhan 1986: 301 )

یەکەم دێری نووسراوەکانی ئورارتو بە ناونیشانێک بۆ خواوەندەکانیان دەست پێدەکات، کە لە زۆربەی دەقەکان تایبەت بوون بە خوداوەندی خالدی، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە گەورەترین خواوەندی ئورارتوییەکان بووە. جگە لەمەش لە زۆر دەقدا لەگەڵ خالدیدا باسی توشیبا و ئیشبوینی کراوە. بەم شێوەیە خواوەندەکان وەک لە لوتکەی لیستەکانی ئورارتودا دەردەکەون بەگوێرەی گرینگی و بایەخیان بۆ دەوڵەت بووە (Piotrovskii 1965: 37).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی سێ خواوەندی سەرەکی لەم شانشینە ریزبەندیان بۆ کراوە، لەوانە خالدی پلەی یەکەم، تەیشەبا پلەی دووەم و شیوینیش پلەی سێیەم ناویان هاتووە (Melikishvili 1965: 441) .


لەمەوە تێدەگەین کە ئایین ڕۆڵی گرینگی لە ژیانی دانیشتوانی ئۆرارتوبینووە، چ پادشاکان یا خەڵك بەگشتی زۆر هۆگر و پەیوەست بە دروشمە ئایینەکان بوونە ، چەندین بۆنەی فەرمیان هەبووە، لە ڕێگای داتا شوێنەواریەکانەوە دەزانرێت کە چەندین جۆر لە ڕێوڕەسمیان بۆ خواوەندەکان و مردووەکانیان سازکردووە، بۆ نموونە لە کاتی وەرزی دورێنەکردن مەراسیمی تایبەتیان هەبووە ، بەهەمان شێوە لە کاتی دەرچوونی یەکە سەربازییەکان و سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنەکانیان مەراسیمیان بەو بۆنەوە سازکردووە. زنجیرەی ئەم ڕیوڕەسمانە قوربانی کردن بە ئاژەڵ و ئاهەنگێگیڕان بۆ خواوەندەکان بووە. زۆربەی ئەم بۆنانەش لە دەرگای میهر ئەنجامدراوە(M. B. Baştürk 2006: 34-58).

### 1. گۆڕەکان

بە گشتی لە ئایینی ئورارتودا مردووەکان بە ئامادەکاری بۆ پشکنینی دوای مردن تا ئەو ڕادەیەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیان ڕێگەی پێدەدات دەنێژرێن یان دەسوتێنرێن. لە ئایینی ئورارتودا قوربانی بۆ ئەو کەسانەی دەنێژران قوربانیان بۆ ئەنجام دەدرا، جا هەژار یان دەوڵەمەند بوویێت، قورس نیە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم گۆشتە قوربانییانە تەنیا پێشکەش بە مردووەکان نەکراون، بەڵکو وەک لە ڕێوڕەسمەکانی دیکەدا بە تەواوی خواردراون. زۆرێک لە داتاکان دەریدەخەن کە خەڵکی ئورارتو ژەمە خۆراکی گەورەیان لە گۆڕستانەکانیان ڕێکخستووە(Çevik 2000: 87–88). زانیارییە دۆزراوەکان سەبارەت بەم ژەمانە سنووردارە( Çilingiroğlu 1998: 38)، بەڵام ئەگەر ئەو دۆزراوانەی لە هەندێک شوێنی هەڵکەندراون هەڵسەنگێندرێن، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە خواردنەکان کوڵاون و لە ناوچەکانی گۆڕستانەکاندا پێشکەشکراون (Bakır 1982: 167).

پایتەخی وڵاتی ئورارتو توشپا[3] لە نێوان سەدەکانی نۆ و حەوتی پ.ز'دا گرنگییەکی زۆری پەیدا کرد بوو. هاوکات بەشی خوارەوەی شارەکە کە خەڵک و فەرمانڕەوایان تیادا دەژیان، بە سەر ناوچە بەرینەکانی باشوور، باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری سەرووەدا درێژ دەبووەوە. شا و شازادەکان بۆ ئەو گۆڕە نایابانەی لە گاشەبرد هەڵکۆڵراوەکانی سەرەوەی قەڵای وان دورستیان کردبوو، خەڵکی ئاساییش لە نزیک دوو کیلۆمەتر لە باکوری ئەم شوێنەدا لە گۆڕستانەکاندا دەنێژران(وێنەی ژمارە 1 )(Sevin 2003 :233).

[3] شاری توشپە(Turushpa) لە ناوەڕاستی سەدەی 9 پێش زایین لە لایەن پاشای ئورارتو سەردوری یەکەم لە نزیک وان بنیات نراوە. ناوی توشپا لە تێشوپەوە وەرگیراوە کە خوای سەرەکی خوریەکان و گەلی ئورارتو بووە، ئەو شارەی کە تا لەناوچوونی پایتەختی ئورارتوییەکان بووە. لەسەردەمانی ئەمڕۆدا شوێنەوارەکانی شارەکە؛ دەکەوێتە پارێزگای وان، لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان، لە ڕۆژئاوای شاری وان، یەکێکە لە کۆنترین شارە نیشتەجێکراوەکانی جیهان. بڕوانە : Belli, Oktay, Urartular Çağı'nda Van Bölgesi Yol Şebekesi, İstanbul, 1977



وێنەی ژمارەی (1) نموونەی گۆڕێکی بەردین لەسەر چیاکانی شاری وان (Sevin 2003, 233. Res. Üst)

ئەم شوێنە لە ناوەندی شاری وان، لە نێو سنوورەکانی گەڕەکی "شەمسیبەی(Şemsibey)" کە بە ناوی "ئالتن تەپە"وە بە ناوبانگە. هەڵگری تایبەتمەندی گەورەترین گۆرستانی تایبەت بە خەڵکی ئاسایی ئورارتوییەکانە کە تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی کنەوپشکنینی بۆی کرا بێت(Çilingiroğlu 1997: 87).

لە سووچی لای باکوری ڕۆژئاوای دەشتی وان دا گۆرستانەکی گەورەی لێیە کە ڕووبەرەکەی دەتووانرێ بە چەندین کیلۆمەتر بخەملێنرێت. گۆرستانەکە لە سەر زەمینەیەکی بەردیی نەرم و قسلّیی دروستکراوە. کە گۆڕەکانی لە سەر هەڵکۆڵراون، هەندێکش لەو گۆڕانە لە نێو گردە خۆڵەمێشییەکاندا لە شێوەی چاڵێکی سادە و سەرەتاییدا دروست کراون. لەکنەوپشکنیە شوێنەوارناسییەکاندا کە تا ئێستا 47 گۆڕی هەڵکۆڵراوە، تیاندا کۆمەڵێ گۆزەی تایبەت بە هەڵگرتنی خۆڵەمێشی مردووان و کۆمەڵێ گۆڕی لە قوڕ دروستکراوی سادە و سەرەتایی دۆزراوەتەوە(Çilingiroğlu 1997: 89).

بۆ نموونە، ئەو دۆزراوانەی کە بە ئێسکی بەرخ یان مەڕ لێکدەدرێنەوە لە هەندێک دەفردا کە لە شوێنی خۆیان لە گۆڕەکانی کاراگوندوز[4] دۆزراونەتەوە(Sevin – Kavaklı 1994: 338). ئەم دۆزراوانە هاوکاتن لەگەڵ وەسفکردنی بزن لە گۆڕی بەردی دۆغوبایزیت، بە لەبەرچاوگرتنی سەکۆ فراوانەکانی بەردەم گۆڕەکانی وەک قەڵای ناوەوە، نەفت-کویو، گۆڕی بەردی قەڵای وان و ژوورەکانی ڕۆژهەڵات لە هەمان قەڵا ، کە وا لێکدانەوەی بۆ دەکرێـ کە پاشا و خانەدانەکانی تێیدا نێژراون، ئەو قوربانی و ئاهەنگانەی پێشتر باسکراون بە شێوەیەکی شایستە بەدی هێنران .باشتر تێدەگەین. کێڵگەی میلی بەردین کە لە ئالتن تەپە لە تەنیشت گۆڕەکانەوە دروستکراوە، پەرستشێکی لێهاتوو بۆ مردووەکان و پەیوەندییەکەی بە درەختی ژیانەوە نیشان دەدات . کارێکی نامۆ نییە کە لەم ناوچەیەشدا ڕێورەسم بەڕێوەچوو. دەبێ ڕێوڕەسمی بێگەردتر بە قوربانیدان و چێشت لێنان لە سەری کەناڵەکان یان چاڵەکان لە گۆڕی هەژارەکان کەمتر ئەنجام درابێت ، هەرچەندە ئامانجی ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لە ئایینی ئورارتودا ئەنجام دەدرێن بەراورد بە میللەتانی تری ناوچەکە گۆڕاوە، بەڵام ئەوە تێدەگەین کە تەوەرە سەرەکییەکان بە بەردەوامی ماونەتەوە: بە گشتی ئەو

---

[4] کاراگوندوز تومولوس ٣٥ کمر لە ناوەندی شاری وانەوە دوورە. لە گوندی قەرەگوندوزی کۆن لە قەزای ناوەندی وان، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەیە. بەشێکی خانووە خشتی قوڕاوییەکانی ئەم گوندە کۆنە تا ئەمرۆش مرۆڤی تێدا نیشتەجێە. **Sayı:** Aralık 1999, Cilt 63 - Sayı 238

ڕێوڕەسمانەی کە تا ئێستا روون بۆتەوە (ڕێوڕەسمی کشتوکاڵی، ڕێوڕەسمی بیناسازی، دانانی تەخت، ڕێوڕەسمی سەربازی، ڕێوڕەسمی ناشتن)، تەوەری 'قوربانی' و 'ئاهەنگرانن(T. Özgüç 1969: 28).

ئەو گۆڕانە کە بەشێکی گرنگی دۆزراوەکانی ئورارتو لێ دەستکەوتووە، نموونەی سەرنجڕاکێشی تەلارسازی دەردەخەن. هەرچەندە داتای نووسراو نییە، بەڵام داتاکانی چۆنیەتی ڕێوڕەسمی ناشتن لە ئایینی ئورارتودا بە شێوەیەکی سروشتی لە گۆڕەکانەوە دەستی پێکردووە.

کاتێک لە نەریتی ناشتنی ئورارتوییەکان دەکۆڵرێتەوە، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە تاکە فۆڕمی ناشتن نییە. جۆرەکانی گۆڕ دەتوانرێت بەم شێوەیە پۆلێن بەندی بۆ بکرێت(Derin 1993: 95–169; Çevik 2000: 6–22):

1. گۆڕی ژووری ژێرزەوی (گۆڕی نەخشێنراو، گۆڕی گرێدراو و گۆڕی نەخشێنراو-گرێدراو)
2. بەرد – گۆڕی سندوق
3. گۆڕی سادە
4. گۆڕی گۆزە
5. خۆڵەمێش لەناو گۆزە
6. گۆڕی بەردین

جۆراوجۆری ناشتنەکان وا دەکات لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر پەیوەندییەکی لە نێوان شێوەی ناشتن و ئەو توخمە ئایینیانەی کە پێشتر باس کران، ئاسان نەبێت. لە نێوان نەریتەکانی ناشتنی ئورارتویدا دوو پراکتیزەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسە بنێژرێت: بە سووتاندن و بەبێ سووتاندن(Çevik 2000: 17–20; Derin 1993: 106).

ڕەنگە نەتوانین دەرئەنجامێک لەسەر ئەم بابەتە دەربکەین، چونکە لە هەریەکێک لەو جۆرە گۆڕانەی سەرەوەدا نموونەی هەردوو ناشتنی سووتاو و ناسوتێنراو هەیە. هۆکاری جیاوازی ئەم دوو داواکارییە ڕوون نییە. بۆچونێك خراونەتەڕوو کە ئەم پراکتیزەیە ڕەنگە پەیوەندی بە جیاوازی چینایەتی لە نێوان کۆمەڵگەی ئورارتودا سەریهەڵدابێت، بەگوێرەی لێکۆڵەر تی.ئۆزگوچ فەرمانڕەواکانی ئۆرارتی نەسوتێنراون، لە کاتێکدا خەڵکی ئاسایی دوای مردنیان تەرمەکانیان سوتێراوە خۆڵەمێشەکانیان لە گۆزەکان دانراوە( T. Özgüç: 1969: 27).

کە ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ڕێوڕەسمی سوتاندنی مردوو لە ڕووی مادیەوە تێچووی کەمتر بووە بە بەراورد بە ناشتن، کە پێویستی بە تاشین و بەردەکان و سندۆقە گۆڕەکان هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کرداری ناشتن پێویستی بە مەڕاسیم و کۆکردنەوەی خەڵك و ئامادەکردنی چێشتی مردووان هەبووە، کە ئەوکات ئەمە بە هەموو خەڵك نەکراوە.

بۆ ئەو گۆڕانەی کە لە گاشەبەردی سەرەکی هەڵکۆڵراوە، دەتووانرێ بە دەرگەیەکی نزمی وەك دەرگای کارێزی لای پێشەوە دەستی پێ بگەیەنرێت. لە بیر و باوەڕە ئاینییەکانیادا ئاراستەیەکی دیاریکراو نییە. دەرگاکە بە لەوحەیەکی لە بەردی وردی لەم دروستکراو داپۆشراوە کە بە لای ڕاستدا دەڕوانێت. لەمانەوە دەچنە بۆ ژووری گۆڕەکان ، جگە لە یەکێکیان نەبێ، بەگشتی خاوەنی یەک ژوورن و لە بەرزی جیاوازدا دروست کراون. بە شێوەیەکی گشتی شێوە هێلکەی (ellipse)،  و خڕ، هاوشێوەی پیتی "L" یان لە شێوەی چاڵێکی بێ شکڵ و شێوەدان(Çilingiroğlu 1997: 89).

شێوازێکی هونەری تا ڕادەیەکی زۆر سەرەتایان هەیە. لە دیوارەکانیاندا کۆمەڵێ تاقی ورد تیادا بەدی دەکرێت(وێنەی ژمارە10) . کۆمەڵێ تەلانی نزم تیاندا دانراوە. لە بەر ئەوەی هەموو  گۆڕەکان توشی  ڕاوڕووتی و تاڵانی  بوونەتەوە، دەرفەتی ئەوەیان تیادا نییە کە لە بارەی شێوازی ناشتنەوە زانیاری ڕوون وەربگرین (Çilingiroğlu 1997: 93).

بەڵام لەو دۆزینەوانەی کە لە شوێنەوارە دزراوەکانی  گەنجینەکانەوە بە جێ ماون، لە نێونیاندا ژمارەیەک زۆر لە پارچەی گۆزەی تایبەت بە هەڵگرتی خۆڵەمێشی مردووان و ئێسکوپرووسکی سووتاوی مرۆڤەکان هەیە. لەو ژوورانەوە، کە گۆری زۆریان تیادا دانراوە، لێیانەوە ڕوون دەبێت کە هەم ناشتن و هەمیش سووتاندن لەتەک یەکدا بە شێوەیەکی هاوکات بوونیان هەبووە. لەو ئێسکوپرووسکانەوە کە تا ڕادەیەک پارێزراو ماون، لەگەڵ ئەو لاشانەی کە نەسووتێنراون دەبینرێت کە مردووەکان لە گۆڕەکاندا بە شێوەیەک کە خۆیان قووچ کرد بن دانراون. لە نێو لەو قاپ و دەفرانەدا گۆزەی خڕ یان وبێ دەمی ڕەنگ سووری درەوشاوەی خاوەن ئامێری کردنەوە و  کۆمەڵێ پیاڵەی پێچکەدار هەن کە ئاماژە بە سەلیقەی ئەو ڕۆژگارە دەکەن لە بواری دەست ڕەنگینی و هونەری ئوراتویەکان (Çilingiroğlu 1997: 93).

لە نێو کێلاو تەختە و برۆنز دروستکراوەکاندا شمشێری لە ئاسن دروستکراویان تیا دانراوە. لەتەک ئامانەدا بازنی لە برۆنز دروستکراو خاوەن کەڵلەسەری ئەژدیها، دەرزی تایبەت بە جووانکاری و کۆمەڵێ تەڵەزمی تر کە سەرنج ڕاکێشن دۆزراوەتەوە. هەروەها لغاوێکی ئەسپیش تیادایە. لە نێو دۆزراوەکاندا ژمارەیەک زۆر لە گوارە کە هەندێکیان بە پێ گرانوولار(granular) ڕازێندراونەتەوە، عقیق، مورووی دروستکراو لە بەردی وەک ماگنەزیت(Magnesite) و گەوهەری سووریش(Carnelian) هەیە( وێنەی ژمارەی 3 ) . ئەمانە هاوکات ئەوەشمان دەخەنە ڕوو کە گەلی ئورارتوو هەندێ لە مردووەکانی خۆیان سووتاندوویانە و ئێسکوپرووسک و خۆڵەمێشەکانیشیان لە نێو گۆزەکاندا هەڵگرتووە (Çilingiroğlu 1997: 97).

ئەمە بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە پەیوەندی هەیە. پەرەستن نییە. هەر وەکو ئەوەی لە بەردەم نەخشە ئەستێرەکانی ئالتن تەپەدا ڕوو دەدا، لەو کاتەی مەبەستی خواوەند بووایا ئەو کاتە ئەمە دەبوو بۆ پەرەستن(Çevik 1999: 66).

## 2.جۆرەکانی مردووناشتن

### 1.2 گۆڕی نەخشێنراوی ژێر زەوی

گۆڕە نەخشێنراوەکانی ژێر زەوی زیاتر لە باشووری شاری ئاگری[5] و باکووری دەریاچەی وان دەبینرێن و کە تایبەتمەندی ناوچەییان هەیە(Özgüç1948: 48-60) . تایبەتمەندی ئەم گۆڕانە بە بەردی نەرم یان ڕەق هەڵکەندراون، دەروازەکانی سەرەوەی چوونە ژوورەوەن. ئەو گۆڕانەی لەسەر بەردەکانی نەرمتر و ئاسانتر کراونەتەوە، بەگشتی هی خەڵکە. لەبەر ئەوەی جۆرێکی پراکتیکی و سەلامەتە لە ناشتن، لە جوگرافیای ئورارتودا زۆر پەسەند کراوە(Sevin 1987: 35–40).

لە ڕووی پلانەوە جیاوازی نییە لە نێوان ئەو گۆڕە ژوورانەی کە لەناو بەردەکەدا هەڵکەندراون و لە ژێر زەویدا دروستکراون. چونکە ئەم گۆڕە وەک ئەوانی تر بلۆکێکی بەردی گەورەی هەنگاوی هەیە کە دەرگای چوونە ژوورەوە و لەهەمان کاتدا ژوورێکی چوارگۆشەی هەیە(Tarhan 1985: 297).

جگە لەوەش، جێگەی تایبەت لە دیوارەکانی ژوورەکەدا نەخشێندرابوو. بەڵام گۆڕە ژوورەکان کە لەناو بەردەکەدا هەڵکەندراون بەزۆری جێگەی دەرگایەکی و سەقفێکی کەوانەییان هەیە. ڕێگای چوونە ژوورەوەی گۆڕەکە بەزۆری دەچێتە ژوورەکەی خوارەوە.

لە بەرامبەردا گۆڕی گرێدراوی ژێر زەوی لە ئەنجامی داپۆشینی گۆڕەکان بە بەرد، دوای کردنەوەی خاکەکە دروست دەبێت. لە زۆربەی سەردەمەکانی ئورارتودا وەک گۆڕی خەڵکی هەموو چین و توێژەکان دەبینرێت و ئەم گۆڕانە بەزۆری تاک ژوورن( Çevik 2000: 11).

بێگومان دەزانرێت کە ئەم جۆرە گۆڕە لە سەرەتای سەردەمی ئاسنییەوە بەکارهاتووە. لە کاتی هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان کە لە حەوزی دەریاچەی وان ئەنجامدراون، گۆڕ و گۆڕستانەکان دۆزراونەتەوە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای چەرخی ئاسن[6] کە دیوارەکانیان بە بەرد سەرپۆش کراوە. بە لەبەرچاوگرتنی جوگرافیای بەرفراوانی شانشینی ئورارتو، تەواو سروشتییە کە جۆرە جیاوازەکانی گۆڕ کە سەر بە کولتوور و شارستانییەتە جیاوازەکانن وەرگیراون. گۆڕە نەخشێنراوەکانی ژێر زەوی ئەو گۆڕانەن کە ئەم دوو جۆرەیان پێکەوە بەکاردەهێنرێن. بەپێی پێکهاتەی سروشتی، دوای ئەوەی بەردی هەبوو نەخشێنرا، بەشەکانی دیکە بە بەرد دروستکراون.

بەگشتی ئەو شوێنەی کە بەردەکەی لێ هەڵکەندراوە وەک دەروازەی چوونە ژوورەوە بەکاردەهێنرا. ئەم جۆرە گۆڕە بەگشتی لە نێو خەڵکدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرا(Sevin 1978: 227).

---

[5] ئاگری پارێزگایەکە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی وان لە هەرێمی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. ناوەکەی لە چیای ئاراراتەوە وەرگرتووە کە بەشێکی لە سنوورەکانیدایە. ئاگری لە ساڵی ١٨٣٤ بووە قەزا و لە ساڵی ١٨٦٩ بووە قەزا و لە ساڵی ١٩٢٧ بووە پارێزگا. لە ڕۆژهەڵات ئێران، لە باکور کارس، لە باکووری ڕۆژئاوا ئەرزرومە، لە باشووری ڕۆژئاوا موش و بیتلیس، لە باشوور وان و لە باکووری ڕۆژهەڵات ئیغدر هەیە.

İlin Tarihi (agri.gov.tr)

6 سەردەمی ئاسن سەردەمێکە لە سەردەمانی پێش مێژوو (١٢٠٠تا ٥٠ی پ.ز) کە بە کانزای ئاسن پێناسە دەکرێت و بە دوای سەردەمی برۆنز دێت. وادەی ئەم سەردەمە کۆتایە و بە گوێرەی جوگرافیا کاتی دۆزینەوە و بە کارهێنانیش جیاوازە. ئاسن وەک مادەی سەرەکی بۆ دروستکردنی کەرەستە و چەکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرا . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

https://www.britannica.com/topic/history-of-Europe/General-characteristics

### 2.2 گۆڕی ئاسایی

ناشتنی سادەی مردوو بۆ هەردوو ناشتنی سووتاندن و بێ سووتاندن ئەنجامدراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی هیچ دیوارێکی خشتی بەرد و قوڕ لە دەوری مردووەکان نییە، بەڵکو تەرمەکە لە چاڵێکدا دانراوە کە لە زەویدا هەڵکەندراوە. لە تەنیشت مردووەکانەوە دیاری ناشتنی سادە هەیە، کە بەزۆری بە پێیەکانیان بۆ لای سکیان چەماوەتەوە(وێنەی ژمارەی 2)، ئەم فۆڕمە سادەی ناشتنەش کە مردووەکان ڕاستەوخۆ دەخرێنە ناو خاکەوە. لەو شوێنانەی کە پێکهاتەی جیۆلۆجی ڕێگەی نەداوە، بەڵکو ناچار بوونە مردووەکان ڕاستەوخۆ بخەنە ناو ئەو بۆشاییە گەورانەی کە لە بەردی گرکانەکەدا کرابوونەوە. تێدەگەین کە ئەم جۆرە سادەترین و ئابووریترین گۆڕن، کە بە نموونەی کالێچیک، لیچ، گیملی و دڵکایا شاهیدی بوونیان بووین، لە نێو خەڵکی ئورارتودا باو بوون. ئەوەی کە زیاتر لە ١٥٠ نمونە تەنها لە دڵکایە دۆزرایەوە، بیرۆکەیەک لەبارەی ڕادەی ئەم بڵاوبوونەوەیە دەدات. لە لایەکی ترەوە لە ٢ هەزار ساڵەوە ئەم جۆرە لە گۆڕ لە ناوچەکەباو بووە. ئەم بڵاوبوونەوەیە بە 34 گۆڕ کە لە ئەلیشار دۆزراونەتەوە، 10 گۆڕ لە چینە هیتییەکانی گۆردیۆن. جێگای سەرنجە کە لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، گۆڕی زەوی لە ناوچەکانی تر جگە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ باو بووە. نموونەی گرنگ لە ئاڵتینتێپەشدا دەبینرێت(Çevik, 2000:16).

هەرچەندە شێوازی دروستکردنیان جیاوازە، بەڵام گۆڕە زەویەکان لە سەردەمی ئاشووری هاوچەرخ دۆزراونەتەوە. ئەو ڕاستییەی کە لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە بەکارهاتووە، بە کۆی گشتی ٦٣ نموونە ناسراوە کە لە سەردەمی ئەکەدی (2334-2193 )پ.ز و ئوری سێیەم(2112-2006پ.ز) و ئاشووریدا بەدەست هاتووە.

ئەم جۆرە، کە سادەترین شێوەی ناشتنە، لە هیندستانەوە تا چین، لە ئەوروپاوە تا باکووری ئەفریقا، لە میزۆپۆتامیا تا ئەنادۆڵ و ئەمرۆ، لە هەموو ناوچەیەک و لە هەموو سەردەمێکدا بوونی هەبوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گۆڕەکانی زەوی، کە جیاوازییەکان تەنیا لە وردەکاری بچووکدا دەتوانرێت دەستنیشان بکرێن(Çevik, 2000: 17).



وێنەی ژمارەی (2): ئەلتین تەپە ناوچەی نەکرۆپۆلیس، نموونەی گۆڕی ئاسای (Ayaz 2006, Resim 4)

### 2.3 گۆڕە گۆزەییەکان

هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان کە لە ناوچەی نیشتەجێبوونی ئورارتوییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنجامدراون، پراکتیزەیەکی نوێی بۆ شێوازەکانی ناشتنی ئورارتوییەکان وەک "گۆڕی کوپ" زیاد کردووە.

بە تایبەتی ئەو زانیاریانەی لە هەڵکۆڵینەکانی قەڵای وانەوە بەدەست هاتوون، دەریانخستووە کە مردووەکان بە ڕاست یان چەمانەوەی لەناو گۆزەیەکان نێژراون. لە نموونەی تەپۆڵکەی قەڵای وان، دەمی گۆزەیەك کە پێدەچێت بەرواری زووتر لە ناشتنەکەی بێت، لە ئاستی ملدا شکاوە، تەرمی مردووەکە لەناوەوە دانراوە و تەرمەکەی بە دوو قەباغی گۆزەی شکاو داپۆشراوە وێنەی ژمارەی 3)، ئەو شتانەی لە سوچێك وەک دیارییەکی مردوو دۆزراونەتەوە. ئەوە نیشان دەدات کە سەر بە سەدەی نۆزدەهەمی پێش زاینیە. هاوکات پشتێنێکی برۆنزی وەک دیارییەکی ناشتن دۆزراوەتەوە( Çilingiroğlu, 1997:89; Konyar,2011, 225).




وێنەی ژمارەی (3) : چەند نموویەك لە گۆڕی گۆزەی، گردی تاڵتن تەپە (YiğitpaĢa 2002. R8)

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان ئەم گۆڕانە زیاتر بە منداڵی بێ سەرپەرشتیار و دیلەکان تەرخانکراوە؟ چونکە سووتاندنی جەستە ڕێورەسمێکی تێچووی زۆری ویستووە(Sevim Buluç, 1993:90).

گۆڕەکانی پیتۆس کە نەریتێکی ناشتنی هاوشێوەی گۆزەیان تێدا بەکارهاتووە، تا ئێستا بە ڕێکەوت نموونەیەک لە تەپۆڵکەی قەڵای وان و لە سوچێکی دۆزاوەتەوە. لە نەریتی ناشتندا ئەستەمە ئەم پۆلە لە دەفرەکان جیا بکرێتەوە. بەڵام سیرامیکەکانی قەبارە گەورەتر بە شێوەیەکی جیاواز بەکارهێنران. وە گۆزەکان هەم بە سووتاندن و هەم بە ناشتنی تەرمی مردووەکە نێژراون( Çevik, 2000: 20).

لە میانی ئەو توێژینەوەیانەی لە تەپۆڵکەی دڵکایا ئەنجام دراون، ئێسکی سووتاو کە هی منداڵان دۆزراونەتەوە. بۆیە لەم جۆرە ناشتنەدا دەتوانرێت شێوازەکانی ناشتن بە سووتاندن یان بەبێ سووتاندن پێکەوە بەکاربهێنرێت. بێ گوێدانە جۆری گۆڕ و ڕێورەسمی ناشتن، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بوونی دیاری مردووەکان باو و ئاساییە. بەڵام جۆری دیارییەکە دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی گۆڕەکە سەر بە چینێکی ئاساییە یان چینی خانەدانەکانە(Çilingiroğlu1997: 89).

گۆڕستانی هارمانتێپە ١٠ کیلۆمەتر لە باکووری شاری ئادیلچەڤازەوە دوورە. لە ژمە خواردنەکەدا هاتووە کە هەندێکیان پاشماوەی تەرمی مردووەکانیان سووتاندووە. وە ئەوەی جێگای سەرنجە وەک لە گۆزەی کونیلەدار هەیە. هیچیان تێدا نەدۆزراوەتەوە جگە لە خۆڵەمێش.

بەهەمان شێوە لە وان هۆیوکەوە تێدەگەین کە ئەم جۆرە ناشتنانە لە گۆزەکان یان بەشێکی ئەو جۆرە ناشتنانە ئەنجام دەدرێن کە پێشتر بۆ هەڵگرتنی خۆراك و شلەمەنی بەکاردەهێنراون(Çevik 2000: 21).

## 2.4 گۆڕی سندوقی بەردین

گۆڕی سادەی بەردی پێکدێت لە چاڵێک کە لەناو خاکدا هەڵکەندراوە، بە بەرد دەورە دراوە و گۆڕەکە بە یەک یان چەند بەردی تەخت داپۆشراوە(Çilingiroğlu, 199: 88).

لە ڕووی پێکهاتەوە، ئەم جۆرە گۆڕانە کە سەرەتا وەک مۆدێلێکی سادە و بچووکی ژوور-گۆڕی ژێرزەوی دەردەکەوتن، زۆربەیان تایبەتن بە خەڵک و بەزۆری بۆ یەکجار بەکارهێنان ڕێکخراون. ئەوان لە گۆڕەکانی ژوورەکان جیا دەکرێنەوە چونکە بە کردنەوەی دەرگاکە دووبارە بەکارناهێنرێنەوە. نموونەی دڵکایا تایبەتمەندییەکی گواستنەوە لە نێوان سنگی بەرد لە شێوەی ژوور و ژوورێکی بێ دەرگادا نیشان دەدات (وێنەی ژمارەی 4).


بەگوێرەی کنە و پشکینیەکان کە لە گۆڕستانەکانی سەردەمی ئورارتو ئەنجامدراون، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەنگە ئەم جۆرە گۆڕانە لە دوای سەدەی نۆیەمەوە لە ناوچەکەدا بەکارهێنراوبن. جێگای سەرنجە کە گۆڕە بەرد-سندوقیەکان کە لە زۆرێک لە شوێنە نیشتەجێبووەکانی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا و باکووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە بوونیان دۆزراوەتەوە، بەڵام کەمترینیان لە گۆڕستانەکاندا هەیە. لە سەردەمی هیتیەکاندا تەنها یەکێک لە گۆڕەکانی ئەلیشار لەم جۆرە بوونی هەیە(Çevik, 2000:15).

گۆڕە بەردەکان کە ئاماژەن بۆ پێکهاتەکانی گۆڕ هەندێکیان چینی دەسەڵاتدارانیشی تێیدا نێژراون، دەتوانرێت وەک ڕەنگدانەوەی گۆڕە بەردینەکان بۆ تەلارسازی بەردەکە هەژمار بکرێت. ئەم گۆڕانە کە ئەمڕۆ تەنها لە شارۆچکەی ئاڵتن تەپەی ئورارتودا دەبینرێن، لە سەر ڕیزەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاڵتن تەپە و ٤٠ م لە دەشتایەکانەوە دوورن. کە لە شوێنێکی بەرز دروست کراون( Çevik 2000 :15).

ئەم جۆرە گۆڕانە کە لەووڵاتی ئاشووردا وەک خەزێنەی بەرد ڕووبەڕوویان دەبینرێت، لە گۆڕستانەکانی دینکاتێپەی دووەم، تەل حەلەف لە ، ڕۆژئاوای شاری "سەرێکانی" ی ڕۆژئاوای کوردستان بوونیان هەیە(Çevik, 2000:16).

نموونەیەک لە سەردەمی چەرخی ئاسنی سەرەتایی لە ناوچەی وان دۆزراوەتەوە، گۆڕێکە کە بە بەرد دروستکراوە لە شێوەی سنگ لە دڵکایا.(Çilingiroğlu-French, 1991:30 ).

ئەم گۆڕانە بەسەر دوو جۆر دابەشکراون وەک گۆڕی سادەی سندوقی بەرد و گۆڕی سندوقی بەرد کە جێگەی گۆشەیان هەیە. بەشەکانی ناوەڕاستی گۆڕەکان پلانێکیان نیشان دەدا لە گۆشەیەکی چوارگۆشە نزیک بووەوە، لە ڕووی تەسکەکانیان فراوانتر بوون و بە بەردی قورس و تەخت داپۆشراوون بە پێچەوانەی گۆڕە سادەکان، گۆڕەکانی سندۆقی بەردین کە جێگەی گۆشەیان هەبووە، لە گۆشەیەکدا جێگەیەکی نزیکەی چوارگۆشەیان هەبووە(.Çilingiroğlu, 1991: 29–38).




وێنەی ژمارەی (4) گۆڕستانی دڵکایا، گۆڕی بەردی سادە(Çilingiroğlu 1997, Çizim 11)

### 2.5 ڕێوڕەسمی مردووسووتاندن

بەشێک لە خەڵکی ئورارتی مردووەکانیان دەسووتاند و خۆڵەمێش و ئێسکەکانیان لەناو گۆزەدا دەنێژران. لەم شێوە ناشتنەدا خۆڵەمێشی تەرمی سووتاو دەخرایە ناو کۆزەیەکەوەو و دەفرەکە بە زەوی لە بۆشایی بەردی سروشتیدا دادەپۆشرا. بەڵام دەمەکەی بەرزەوە دەکرایەوە.

ئەو گوپانەی  کە بە تەختی دادەنرێت ملیان تەسک و نزمە، سکیان هەڵئاوساوە و بنی ئەڵقەیە و ڕووکارەکانیان سوور و بریقەدارن(Kutlu Emre1969: 279- 289).



وێنەی ژمارەی (5)  : چەند لەکوپەلێکی جوانی کە لە نێو گۆڕەکان دۆزراونوتەوەوە لە ناوچە ناوچە جیاجیاکان

ڕێوڕەسمی ئایینی یان نزا و نوێژی هاوشێوە ئایا لە حاڵەتی سووتاندنی مرووشدا جێبەجێ دەکران یان نا ڕوون نین. لە تەنیشت یان لە سکی ئەو گۆزانەی تایبەت بە هەڵگرتنی خۆڵەمێشی جەستەی سووتاوی مردوواندا(urn) ئێسک و پروسکی ئاژەڵەکان تیادا نەدۆزراوەتەوە. ئەمەش دەتوانێ ئاماژەیەک بێت بۆ بەڕێوەچووونی ڕێوڕێسمێکی ئایینی جیاواز (Çilingiroğlu 1997: 102).

ئەو هەڵکۆڵینانەی کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراون دەریدەخەن کە ناشتن بە سووتاندن لانیکەم تەمەنی بەقەد ناشتن بەبێ سووتاندن لە زەویەکانی ئورارتیدا هەبووە. هەرچەندە زۆر باو نییە، بەڵام نەریتی ناشتن بە سووتاندن لە ناوچەکانی ناشتنی سەردەمی ئاسنی سەرەتایی بە چەند نموونەیەک نیشان دەدرێت: ئەمانە بریتین لە گۆڕی گۆزەیی  و بەڵگەی دیکەی ناشتن بە سووتاندن، کە لە ناوچەی گۆڕستانی دلْكایا دۆزراونەتەوە و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی ئاسنی سەرەتایی(Çilingiroğlu 1986: 154).هەموو ئەو دیمەنانەی کە لە سەرەوە باس کراون هاوڕێی ناشتنی سووتاندنن. کە لە نەریتی ناشتن بە سووتاندن، شتگەلێکی وەک پشتێن و ملوانکە و پێن و ئێسکی لاق و مۆر لە تەنیشت مردووەکان یان لەناو سندوقەکاندا بەجێدەهێڵران(.Derin 1993: 138–140; Çilingiroğlu, 1997: 96-97).بەڵام لەو ناشتنانەی کە بە سووتاندن ئەنجام دەدرێن، دەبینرێت کە بەزۆری دەفری خواردن و خواردنەوە لە تەنیشت گۆزەکەوە بەجێناهێڵرێت. پێشنیارێک سەبارەت بە هۆکاری ئەمەش لەلایەنی هۆزە دێرینەکان کراوە: دوای سووتاندنی مردووەکان، جگە لە ئێسکی سووتاو هیچی تر نەماوەتەوە، ئەمەش دیمەنە 'ڕاستەقینەکە' کە لە سەرەوە باس کرا بە تەواوی تێکدەدات و ڕەنگە پێویستی بەجێهێشتنی خواردن و خواردنەوە نەهێشتبێت بۆ مردووەکان(Derin 1993: 163).


هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسەکان  دەریان خستووە کە مردووەکان لە نێو مەیدانی گۆڕستانەکاندا سووتەنراون. ئێسک و پرووسکە سووتاوەکان کۆ کراون و بە پێی جۆری بەکارهێنانی "بەردی وردکردن"ەوە ورد کراونەتەوە. خۆلەمێشکەی لە نێو گۆزەکاندا دانراون و دواتر بۆ مەیدانی گۆڕستان گواستراونەتەوە (Çilingiroğlu 1997: 102).

سەری گۆزەکان(Urn) بە کاسێك یان زیاتر داپۆشراون کە زۆربەی کات سێ کونیلەی ووردی تێدا کراوە وەك ئاماژە بۆ دەرچوونی روحی مردووەکە (وێنەی ژمارەی 6). نموونەی جووانی ئەم دیاردەیە لە شاری وان، لە قەڵای ئایانیس[7] و لە هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکانی "دیلکایا[8]"دا دەر هێنراوە (Çilingiroğlu 1997: 103).

---

[7] قەڵای ئایانیس لەسەر گردێکی بەردینی نزیک شاری وان دروستکراوە، پێشتر بە "ئایانیس" ناسراوە، دەکەوێتە کەناری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان، ٣٨ کم لە باکووری توسپای پایتەختەوە. هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان لە قەڵای ئایانیس کە دوا قەڵای ناسراوی شانشینی ئورارتویە، لە ساڵی ١٩٨٩ەوە بەردەوامە. بەپێی ئەو نووسراوە مێخییەی کە دۆزراوەتەوە، قەڵاکە لەلایەن ڕوسای کوڕی ئارگیشتیەوە لە لە نێوان ساڵانی ٦٤٥-٦٤٣ پ.ز دروستکراوە.
https://www.kulturportali.gov.tr/turkiye/van/gezilecekyer/ayanis-kales





وێنەی ژمارەی (6) گۆزەی کونیلەی (Çilingiroğlu 1997, 103. Çizim 22)

لە کنە و پشکنینەکانی لەو گۆرانەی لای ڕۆژهەڵاتی دامێنی قەڵاکەدا لە سەری گۆزەیەکی هەڵگرتنی خۆڵەمێشەکاندا لە شێوەیەکی ڕێکدا کاسەیەکی تریش بە شێوەیەکی ئاوەژوو لە سەری دۆزراوەتەوە (Çilingiroğlu 1997: 102).

شایەنی باسە لە نێو  کاسەکاندا خۆراکی تیا بوو کە بۆ مردووەکە پێشکەش کراون. لێکۆڵەران لێکدانەوەی ئەوەیان بۆ کردووە کە ڕێوڕەسمی چێشتی مردوویان ئەنجامداوە، هەروەها لەم جۆر ڕێوڕەسمانە پرۆسەی مردووسووتاندیش بەجێ کراون. شتومەکی


[8] لەسەر گردێکی شێوە مەخرەجی دروست بووە کە ٣٤ کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری شاری وانەوە دوورە .ئەم تەپۆڵکەیە دەکەوێتە کەناری باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی وان، بەهۆی ئاوەکانی دەریاچەی وانەوە زیانێکی زۆری بەرکەوتووە.

Ismail Baykara, Hakan Yýlmaz, Timur Gültekinand Erksin Güleç Squatting Facet: A Case Study Dilkaya and Van-Kalesi Populations in Eastern Turkey Coll. Antropol. 34 (2010) 4: 1257–1262

تاکەکەسی وەک مۆر، گوارە، ئەنگوستیلە و تەڵەزم(fibula) لە بارەی ئەو خەلاتانەی تایبەت بە مردووەکانەوە پێشکەش کراون(Çilingiroğlu 1997: 102).

شتومەکی وەک پشتێن و کڵاوی ئاسنینیش کە ناتوانرێ لە نێو گۆزەکاندا دابنرێن، پێچراون یان گوشراون و لە تەنیشت گۆڕەکاندا دانراون. لە سەر بنەمای بۆچوونێکەوە ئەگەر وای بۆی بچین کە گۆڕی مردووە سووتێنراوەکان بە خەڵکی هەژارەوە پەیوەندیدار بن، لەم بارودۆخەدا پێشبینی ئەوەی دەکرێت کە ئەم ڕێورەسمانە زۆر و بەربڵاو نەبووبێتن. بەڵام لە هەندێ لەو گۆڕانەی لە نێو ژوورەکان هەندێ گۆڕی مردووە سووتاوەکان بەدی دەکرێت، لەوانەیە بۆ ئەم جۆرە گۆڕانە دۆخەکە بەو چەشنە نەبوو بێت کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا (Çilingiroğlu 1997: 102).

لەناوچەی نەکرۆپۆلسی ئیغدر کە لە باکووری چیای ئارارات لەم جۆرە گۆڕانە دۆزراوەتەوە. گۆڕی یەکەم لە ڕۆژئاوای قەڵاکەدایە. ناشتنێکی ئاساییە. هەندێکی تریان ناشتنی سووتاندنن کە لە سندوقەکاندا دەبینرێن (وێنەی ژمارەی 7). لە بۆشایی بەردەکاندا بەجێهێڵراون و بە بەردی گەورە دەورە دراون. چەقۆی ئاسن، ڕم و سەری تیر، دەفری مس و کەلوپەلی دیکە وەک کەلوپەلی مردوو لە تەنیشت سندوقەکەوە پەرش و بڵاو دۆزراونەتەوە( Girginer, 1991:202).




وێنەی ژمارەی (7) دیمەنی گۆڕی سوتاندن (دانانی خۆڵەمێش لەناو گۆزە) (Girginer 1991, Şek 82)

لێکۆڵەرێکی تر بەناوی ب.ئۆگون بۆچوونی وایە کە ناشتن بە ئاگر تایبەت نییە بە خەڵکی ئاسایی و دەکرێ چینی دەسەڵاداری ئۆرارتیش بە هەمان شێوە نێژرابن(Özğün 1974: 447). لە بەرامبەردا پێدەچێت مشتومڕی جیاوازی چینایەتی ڕوونتر بووبێتەوە: گۆڕەکانی ئادیلچێڤاز، پاتنۆس، دڵکایا، ئەتابیندی، دۆنێرتاش، شیرینلیکالێی یەکەمی دووەم و قەڵای ڤان نیشانیاندا کە ناشتن بە سووتاندن لەلایەن هەردوو کەسی ئاسایی و فەرمانڕەواکانی ئورارتییەوە بەکاردەهێنرا(Sevin 1980: 151–158). گۆڕەکە کە ٧٨ شوێنی تایبەت بە سوتانی مردوو هەیە، بەتایبەتی لە قەڵای وان کە بۆ دانانی دەفری سووتاندن دروستکراوە، ئاشکرای دەکات کە ئەو ئەرستۆکراتانەی لە پایەتەخت دەژیان -لانی کەم هەندێکیان- سووتێنراون(Sevin 1980: 151–158).

هەروەها سەرچاوەی ناشتن بە سووتاندن مشتومڕی زیاتر هەڵدەگرێت: بۆچونێکی تر ڕای وایە کە نەریتی ناشتن بە سووتاندن لەلایەن ئەو دیلانەی کە لە باکوری سوریاوە هێنراون لە قۆناغێکی دواتری شانشینیدا لە نەریتەکانی ئۆرارتیدا جێگیرکراون( Van Loon 1966: 63–64. Çilingiroğlu 1984b: 86).


جگە لەوەش، بەو پێیەی سووتاندنی جەستە شێوازێکی ئابووری و ئاسان نییە، لە هەندێ باردودۆخدا ڕێوڕەسمەکە تێچووەکەی زیاتر بووە ڕەنگە نەریتی خەڵکی دەوڵەمەند و ئاغاکان بێت نەک هەژارەکان(Çevik 2000: 41).




وێنەی ژمارەی (8) شوێنی سندوقەکان لە گۆڕەکانی ئاڵتینتێپە (Çevik 2000, Lev 77)

گۆڕی گۆزەی لیچ (وێنەی ژمارەی 9)، پێکهاتووە لە ناوچەیەکی چوارگۆشە کە لەناوەوە گۆزەیەك هەیە، لە هەر چوار لاوە بە بەردی تەخت دەورە دراوە. هەندێکیان بە بەردی بچووک لە پشتیانەوە بەهێز دەکرێن(Girginer, 1991:222).

ڕوونە کە ئەم جۆرە گۆڕانە کە لە بۆشایی بەرد و درزەکانی سروشتی یان دەستکرد دا دۆزراونەتەوە یان بە پارچە بەرد داپۆشراون، دەتوانرا لە یەک کۆی سەرەکیدا کۆبکرێنەوە. بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دەکەوێتە ناو کام ژێر کۆمەڵەوە، تێدەگەین کە ئامانج لێی پاراستنی گۆزەکان و خۆڵەمێشی مردوو و ئێسکەکانیان تێدایە لە دەرکەوتن و مەترسییە سروشتییەکان. لەم جۆرە گۆڕانەدا دەوری دەفرەکە بە شێوەیەک ڕێکدەخرێت کە تەنها بۆ دەفرەکە گونجاوبێت. لەم قۆناغەدا گۆزەکان بە خۆڵەمێش و ئێسکەکانییەوە، هۆکاری سەرەکییە کە ڕاستەوخۆ شێوە و ڕەهەندەکانی پێکهاتەی دەوروبەری دیاری دەکات. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێکهاتە جیاوازەکانی دەوروبەری دەفرەکە ڕۆڵی سەرەکی پێک ناهێنن، بەڵکو ژێرکۆمەڵەکان پێکدەهێنن(Çevik, 2000:18).



وێنەی ژمارەی (9): گۆڕی گۆزەی سوتاندن(Girginer 1991, Şek 90)

بوونی ئەو نەریتە سووتێنەرە، کە دەزانین لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە لە ئەنادۆڵدا باو بووە، هەروەها سەردەمی ئاشووری هاوچەرخی دراوسێی ئورارتو 10 گۆڕ و لە سەردەمی نوێی ئاشووری و 6 گۆڕ دۆزراوەتەوە. بە تایبەتی لە گۆڕی ژمارە ٦٧٣دا، شێوە و ڕەهەندەکانی دەفرەکە، تا دەگاتە ئەو ڕووبەرە چوارگۆشەیەی کە بەهۆی ئەو بەردانەی کە لە دەوری دانراون، هاوشێوەی گۆڕی دەبە ژمارە یەك لە لیچدایە. سەرەڕای ئەم لێکچوونە، کاتێک بەراورد دەکرێت بە شانشینی ئورارتو، لە کەمی ئەو ژمارەییەوە تێدەگەین کە نەریتی ناشتن بە سووتاندن لە ئاشووردا زۆر بەناوبانگ نەبووە(Çevik, 2000:19).

### 2.6 گۆڕی بەرد

گۆڕە بەردینەکانی ئورارتو دوا خاڵ نیشان دەدەن کە کاری دەستی ئۆرارتی پێی گەیشتوو .گرنگە. گۆڕی ئارگیشتی (هۆرهۆر) یەکێکە لە گرنگترین گۆڕە بەردینەکانی ئورارتی و لە هۆڵێک و پێنج ژوور پێکهاتووە. زانیاری لەسەر ئارگیشتی و هەڵمەتەکانی لە نووسراوە میخییەکانی دەوروبەری دەرگاکەدا لە ڕووبەری باشووردا هەیە(وێنەی ژمارەی10). هەروەها ئەم گۆڕە جیاوازە لەوانی تر بەو پێیەی زانیاری لەسەر خاوەن گۆڕەکە دەدات. هەرچەندە گۆڕی بەردین زۆرن، بەڵام نازانرێت زۆربەی گۆڕەکان سەر بە کام پاشایە. یەکێک لە گۆڕە بەردینەکانی توسپا گۆڕی نێفتکویو یە. دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم گۆڕە لە لای باشوورەوەیە و پێکهاتەیەکی کەوانەیی هەیە. گواستنەوە لە هۆڵی دەروازەی گۆڕەکەوە بۆ چوار ژوور هەیە. دوو لەو ژوورانە لە باکوورە، یەکێکیش لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

گۆڕە بەردینەکانی هەرێمی ئانادۆڵ ڕۆژهەڵات جیاوازن لە یەکتر. ئەمانە بەگشتی پۆلێن دەکرێن بە تاک ژوور و فرە ژوور، گۆڕی فرە ژوور بەگشتی لە پایتەختی شانشینی ئورارتیان، توسپا و لە ناوەندە گەورەکانی دیکەدا دەبینرێن. لە دەروازەی ئەم گۆڕانەدا ژووری سەرەکی لە دەرگایەکەوە لە سەکۆیەکەوە تێدەپەڕێت. لەم ژوورە سەرەکییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژوورە لاوەکییەکانی دیکەی ناو گۆڕەکان(Köroğlu 1996: 77).لە نێو ئەم گۆڕە فرە ژوورانەدا، ئەوانەی ٢، ٣، ٤ و ٥ ژووریان هەیە، تەواو باون( Erksin Güleç: (369–374

لە کاتێکدا دەرگای چوونە ژوورەوە و ژوورە گەورەکە بە وریاییەوە ئەنجامدراوە، ناتوانین هەمان کاری دەستی لە ژوورەکانی تەنیشت یەکتردا ببینین. تێکرای بەرزی ئەم گۆڕە بەردینە فرە ژوورانە ١.٧٥ م. و پانییان ٢.٨٠ م. دەتوانێت ڕووبدات. بەو پێیەی ئاهەنگەکان لە ژوورە گەورەکەی دەرگای چوونە ژوورەوە بەڕێوەدەچن، پانایی ئەم ژوورە دەتوانێت بگاتە ٩٠ م٢. لە نێو ئەم ژوورە ناشتنانەدا، ئەو گۆڕەی بچوکترین دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیە، گۆڕی مەریفەتە. پانی ژووری چوونە ژوورەوەی گۆڕی ماریفێت بە ٧.٨ م٢ ٧٠ پێوانە کراوە(Köroğlu, 2008: 24–35).



وێنەی ژمارەی (10) ئاڵتن تەپە / وان (YiğitpaĢa 2002)

### 3. نەریتی مردووناشتن


مردوسوتاندن(cremating) جۆرە نەریتێكی بەربڵاوە كە لە جوگرافیایەكی زۆر پان و بەریندا بەدی دەكرێتەوە. پاشماوەی مردووە سووتێنراوەكە هەندێ جار دەخرێتە نێو گۆزەی تایبەت بە مردووەكان و دەمی بە پێ كاسەیەكەوە دادەپۆشرێت. دواتر بۆ نێو قاپ یان كونێكی سروشتی گاشەبەردان یان لە نێو جۆرە كۆگایێكدا بە پێ خاكەوە دادەپۆشرێت كە بە سێ لەوحەی بەردینەوە دەور دراوە. جیاواز لە گۆرە گاشەبەردییەكان، گۆڕی تایبەت بە تاكەكەسەكانن. ئەو گۆزانەی تایبەت بە هەڵگرتنی خۆڵەمێشی مردووان بە

شێوەیەک کە دەمیان بە لای باڵادا بێت، ڕێک داناون. خاوەن گەروویەکی نزم و باریک، ناوکێکی دەرپەڕیو و بنێکی بازنەیین. هاشێوەکانی ئەم جۆر گۆرانە لە شاری ئیدر(Iğdır)، دیلکایا و کالەجیکی شاری وانیشدا(Van/Kalecik) بەدی دەکرێن. لەگەڵ خودی مردووەکان خەڵاتیشیان تیادا دانراوە. لە نێو شتومەکی تاکەکەسی تایبەت بە جوانکاری، موروی دروستکراو لە بەرد و شووشە، ملوانکە، دەرزی لە برۆنز دروستکراوی تایبەت بە جووانکاری، ئەنگوستیلە، بازنگ، مووکێش و ئەو پشتێنە لە برۆنز دروستکراوانەش دەتووانرێ وەک نموونە ئاماژەیان پێ بکرێتەوە (وێنەی ژمارەی 5) کە بە شێوەیەکیک پێچراون و وایان لێ کراوە کە نەتووانرێ جارێک تر بە کار بهێنرێن(Çilingiroğlu 1997: 98).

نەریتی ناشتن بە سووتاندن و بەبێ سووتاندن لە خاکەکانی ئورارتو لە سەرەتای سەردەمی ئاسنییەوە لەلایەن خەڵکی ئاسایی و هەم فەرمانڕەواکانەوە پەیڕەو کراوە، جگە لەوەش هەندێکجار دوو جۆری جیاوازی ناشتن لە یەک گۆڕدا بەدی دەکرێت.


هۆکاری ئەمەش دەبێت جیاوازییەکی بەرچاو بێت لە بابەتی بیرو باوەڕدا، بەڵام هێشتا داتای پێویست نییە بۆ ئەوەی سەرنجی دروست بدرێت. پێویستە داب و نەریتی ناشتنی ئورارتییەکان نەک لە ڕووی فۆڕمی ناشتنەوە، بەڵکو لە ڕووی ئەو ڕێوڕەسمانانەی کە لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتندا ئەنجام دەدرێن، لەبەرچاو دەگرین.

لای گەلی ئورارتو ئەو گۆڕانەی مردوو تیادا دەنێژران جۆرەکەی هەر چی بێت پێشبینی دەکرێت بەدەم ڕێوڕەسمێکی ئاینیەوە نێژرا بن. بە پێی ئەو وێنە هەڵکۆڵراوانەی لە سەر مۆرە ئورارتووییەکان دۆزراوەتەوە، مردووەکە بە دارەمەیت یان گالیسکەیکەوە دەهێنرانە سەر گۆڕەکە (وێنەی ژمارە 11):. لەو وێنە هەڵکۆڵراوانەی لە سەر سەر تاشەبەردینەکانی گۆڕەکان ڕوون بۆێتەوە کە وەک ئاژەڵی قوربانیی، گا یان بزن هەڵبژێردراوە(Çilingiroğlu 1997: 99).



وێنەی ژمارە (11): مۆرێك لە تۆراك قەلا دۆزراوەتەوە کە ڕێوڕەسمی گواستنەوەی مردوو نیشان دەدا(Derin 1993)

بەشێکی ئاژەڵە سەربڕاوەکە دەبرژێنرێت و بۆ بەشداربوونی ڕێوڕەسمەکە پێشکەش دەکرێت. بەشێکیش لە نێو قاپ و دەفرەکاندا لە تەنیشت مردووەکەدا دادەنرێت(وێنەی ژمارە 12) (Sevin 2003: 195).



وێنەی ژمارە (12):دەفرێك كە خواردنی بۆ مردووەیەك پێشكەشكراوە (Sevin 2003, 195. Res. Üst)

ئەمە لە شوێنەواری گۆرستانەكاندا بە پێ دۆزینەوەی ئاگردانی بەردین و بەو تەندوورانەوە سەلمێنراوە كە لە شێوەی سمی ئەسپەكاندا دروست كرا بوون. ئەو زانیاریانەی پەیوەست بە شێوازی ڕێوڕەسمی مردووناشتنی ئورارتوویەكان زیاتر لە سەرچاوە نووسراوەكان، دەتوانرێ لەو دۆزینەوانەدا بەدی بكرێن كە لە ئەنجامی هەڵكۆڵینە شوێنەوارناسیەكاندا دەرهێنراون(Çilingiroğlu 1997: 99).

قوربانیكردن لە پێشەنگی ڕێوڕەسمەكانی ناشتندایە كە لە ڕووی شوێنەوارییەوە بسەلمێنرێت. گرنگترین بەڵگەی بینراو بۆ ئەمە،كێلی سەر گۆڕی بەردی بازید'دا("Doğubeyazıt"). وێنەی نێرەی بزن(تەگە) كە لە لای چەپی دەرگای گۆڕەكەدا وێنا كراوە، بە ئەگەرێكی زۆرەوە ئاماژەیە بۆ ئەو ئاژەڵەی كە لە ڕێوڕەسمی ناشتندا دەكرێتە قوربانی(Çevik 2000: 63–64).





وێنەی ژمارەی (10) وێنە هەڵکۆڵراوەکەی سەر گۆڕی بایەزید (Çevik 2000)

دۆزراوەکانی کۆنکرێتی پەیوەست بەو ڕێوڕەسمە قوربانییە کە لە گۆڕەکانی ئورارتیەکانەوە وەرگیراونەتەوە و ئەو شیکاریانەی لەسەر ئێسکەکان کراوە دەرکەوتووە کە ئێسکی سەر بە ئاژەڵ و مەڕ و بزن لە گۆڕەکاندا هەبووە. ئەمانە بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەشە تایبەتەکانی ئاژەڵە قوربانییەکانن(Deniz 1980: 112).

لە ڕووی شوێنەوارییەوە ڕوون نییە کە قوربانییەکان بە تەواوی بۆ کوێ بردراون، بەڵام ئەو بۆشاییە یان کەناڵانەی کە لە تەنیشت زۆرێک لە گۆڕەکانەوە یان لە نزیکەوە دۆزراونەتەوە، ڕەنگە یارمەتیدەر بن بۆ دەرهێنانی دەرئەنجامێک: ئەم کەناڵە تاڕادەیەک قووڵانەی نزیک گۆڕەکانی ئەتابیندی، کادێمباستی و پێکێریچ دەبێ بۆ خوێنەکە هەڵکەندرابن لە قوربانییەکان بۆ ئەوەی بڕژێن.

ئەوەی کە کۆتاییەکانی کەناڵەکان بەرەو درۆمۆسەکان بە تایبەت لە گۆڕەکانی ئەتابینددیدا دروستکراون، ئەوە دەردەخەن کە خوێنی قوربانییەکە ئاراستەی گۆڕەکان کراوە(Derin 1993: 153).

گۆڕە دۆزراوەکان، ئەو بەڵگانەی لە شوێنەوارەکەی ئەمر گۆڕانەدا دەر هێنراوە، هەندێ کەلوپەل یان پشتێنی تایبەت بە ڕێوڕەسمی نەزرکرد، کڵاوی ئاسنین و کۆمەڵێ شتومەکی تاکەکەسی هەڵگری نەخشە و وێنە کە لە ئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسیەکاندا دەر هێنراون لەو جۆرە سەرچاوانەن کە نەریتی مردووناشتی گەلی ئورارتوو پیشانمان دەدەن. لەو گۆرستانەنەی شوێنی گۆڕە ئورارتوویەکاندا ئەو ڕێوڕەسمە ئاینیانەی لە نێو گۆڕە گاشەبەردییەکان یان لە بەردەمر ئەمر گۆڕانەدا جێبەجێ دەکران جێگایەکی زۆر گرنگی داگیرکرد بوون. هەر وەکو چۆن لە سەرەوەش ئاماژەی پێ کرا، لەمر ساڵە دوایانەدا لە شاری وان، لە شارکۆنیس( Şarokonis، "Karagündüz")، قەڵای وان (Van Kalesi Böyük)، "دیلکایا هۆیوک(Dilkaya Höyük) و قەڵاکانی ئایانیسدا کۆمەڵێ هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی ئەنجامر دران کە لە ئەنجامدا لە بارەی لەو نەریتە ئورارتوییانەی پەیوەست بە ڕێوڕەسمی مردووناشتنەوە ژمارەیەک زۆر لە بەڵگە و سەرەداو دەرهێنران بەر ڕووناکی ڕۆژ. ئەو سەرەداوە شوێنەوارناسییانەی لەمر هەڵکۆڵینانەدا دەر هێنران دەریان خست کە هونەری گۆڕسازی ئورارتوو دەتووانرێ بگێنرێتەوە بۆ چەرخی ئاسنەوە. هاوشێوەی ئەوەی لە نەریتی گۆرسازییاندا دەبینرێت، هەروەها زۆرێک لەو نەریتە ئورارتویانەی پەیوەست بە ڕێوڕەسمی مردووناشتنیش دا دەتووانین ببینین کە مێژوویان دەگەڕێنرێتەوە بۆ لەو سەردەمانەی پێش دامەزرانی شانشینییەکە(Çilingiroğlu 1997: 99).

ئەمر پێشکەشکردنانە لە لایەک دیارین کە دەدرێت بە ڕۆحی مردوو، لە لایەکی ترەوە کەلوپەلی ماڵێک دابین دەکەن. داتاکانی تر ئاشکرای دەکەن کە لە ئایینی ئورارتیدا مردووەکان ئامادە نەبوون بۆ ژیانێکی ئەبستراکت، بە پێچەوانەوە هەوڵیان داوە تا دەکرا بگوازرێنەوە بۆ ڕەهەندێکی 'ڕاستەقینە': ژیانی ناشتنی هاوسەرگیری بە ڕازاندنەوەی  خانوویەکی ڕاستەقینە کۆتایی نایەت؛ جل و بەرگ و جوانکاری و زێڕینگەریی و ئامێر و چەک و ڕەنگە ئاژەڵ کە هی مردووەکە بن، دەخرێنە ناو ئەمر گۆڕانەوە( Çevik 2000: 77–81).چرای ڕۆن بۆ هەر کەسێک دابنرێت، دەتوانرێ بەسترێتەوە بە نەریتەکانی وەکو نەزرکردنی دانانی  مۆمر، کە تا ئەمڕۆش پراکتیزە دەکرێت، لە لایەکی دیکەوە، ئەوان ئەرکی پراکتیکیتریان وەک داگیرساندنی گۆڕەکان گرتە ئەستۆ، کە پێیەکانی بەزۆری وەک پێی گا دیزاین دەکران و هەندێکجار بە زیو داپۆشرابوو(T. Özgüç 1969: 22)، بەڵامر زۆربەیان پلێتی برۆنزی بوون، کە بە مێز و کورسی دار  و هەندێکجار دار گوێز ئامادەکرابوون ، دەفرێکی پڕ لە خواردن و خواردنەوەیان هەڵگرتبوو، گۆڕەکان کە بە چرای ڕۆن ڕووناک دەکرایەوە(Derin 1996: 135–142).

لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکاندا بەشداری ئەمر تاق و  هەڵکۆڵراونە وەک شتێکی ئاسایی لێک دراوەتەوە کە لەو ڕێواڕەسمانەی پەیوەندییدار بە مردووناشتندا بە کار دەهێنران. بەمر شێوەیە هەندێ لایەنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکان، کە بە لێڵی و نادیاری ماونەتەوە، دەتووانرێ بە پێ یارمەتی وێنە نەخشێنراوەکانی لە نێو گۆڕەکان نهێنییەکان ڕوون بکرێنەوە. هەمر بۆ پیرۆزیە ئاینییەکانی پەیوەندیدار بە مردووەکان  و هەمیش بە شێوەیەکی زیاتر بۆ ڕێوڕەسمە ئاینییەکان. بەکارهێنانی ئەو چاڵاکیانەی لە سەر گۆڕەکانی نادرشێخ("ئاتابیندی") و لە هەمان ژمارەدا بەدیکردنی چاڵ لە سەر زەمین و دیوارەکانی پەرەستگای بێسەربان و پەرەستگاکانی مردووان بە ڕوونی ئەمر بەکارهێنانە هاوبەشە دەخاتە ڕوو (Çilingiroğlu  1993: 8 ).


لە تەواوی گۆڕەکانی سەردەمی ئورارتوو دا سەرەداوی ڕێوڕەسمی ئایینی ناپەیوەندیدار بە مردووناشتن و کۆمەڵێ دیاردەی پەیوەندیدار بە ڕێوڕەسمە ئاساییەکانی ئایینی دۆزراوەتەوە. بەڵامر تەواوی ئەمر دیاردانە بە هۆێ بوونی گۆڕەکانەوە بوونیان هەیە. نەک بۆ ئەوەی کرنۆش بردن بۆ مردووەکە. لەوەش هیچ گومانی تیادا نییە کە مردووە نەجیبزادەکەی لە نێو گۆڕەکە ئەمر سیستەمە بۆ ئەوەی پێکهێنانی ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە پەرەستنی خۆی دیار نەکردووە (Çilingiroğlu  1999: 479 ).

ئەگەر مردووەکە مەبەستی بووایا بیناسازی گۆڕەکەی خۆی لە شێوەی پەرەستگاکاندا بنیات دەنا. ئەو کاتە گۆڕەکە هاوشێوەی پەرەستگاکان بە شێوەیەکی بەردەوامر بە کار دەهات. ئەو دیاردانەی کە بە پەرەستنەوە پەیوەندیدارن نەک بۆ خودی مردووەکە، بەڵکو لە پێناو مردوواندا بۆ پەرەستنی خواوەدەکان لەوێ دانرا بوون. ئەو کەسەی لە نێو گۆڕەکان یان لە دەرەی گۆڕەکان قوربانی پێشکەش دەکات بۆ بە ئەنجامگەیاندانی یەکێک لە دوو کردەوەی ئایینی لەوێیە. یەکیان لە پێناو مردووەکاندا پاڕانەوە بۆ خوا، دووەمیان پێشکەشکردنی قوربانی بۆ مردووەکە. ئەمر دووانە دوو شتی زۆر جیاوازن. بۆ وێنە بە سەر مردووەکانەوە ڕژاندنی ئاودا گێڕانەوەی ئەوەی "تا گیانی مرووەکە ئاوێکی پاک بخواتەوە" پیشاندەری ئەوەیە کە ئەمر پێشکەشییە نەک بۆ خوا بەڵکو بۆ ڕۆحی مردووەکە ئەنجام دراوە(Çilingiroğlu  1993: 8 ).

### 3.1 ڕەیوڕەسمی چێشتی مردووان

زانیارییەکی کەم لەبارەی پەرستنی  مردووی ئورارتییەوە بەردەستن کە پەیوەندی بە دیمەنەکانی ئاهەنگەکەوە هەیە. پەرستشەکان لەبەردەم گۆڕە بەردەکان لە ناوچە گۆڕستانەکان شوێنێکی گرنگی هەیە. خواردن و خواردنەکان دوای مردووەکان، بە تایبەت لە ناشتنی شێوازی بەخشینی جەژنێک بۆ مردووەکان یەکێکە لە ڕێوڕەسمە گرنگەکان(Çilingiroğlu 1998: 235).

جۆری گۆڕەکە هەر چیِ بێت چ وەک ئەوەی لە قوڕێکی سادە، چ ڕێڕەوی(dromos) هەبێت یان نەبێت و گۆری لە نێو ژوور بێت یان گۆری یادگاری لە هەنگاوی ناشتندا دەبێ بە  ڕێوڕەسمێک بە ڕێوەچوو بێت (وێنەی ژمارە 14) (Çilingiroğlu 1997: 21).



وێنەی ژمارە (14):مەراسیمی ئامادەکردنی خواردن(Çilingiroğlu 1997, 102)

لە بارەی خودی مردووەکەوە نازانرێت کە ئاخۆ لە ماڵەکەیدا چ جۆرە ڕێوڕەسمێکی ئایینی بە ڕێوەچووە. بەڵام هەندێ وێنەی هەڵکۆڵراوی لە سەر چاپی مۆرەکان پیشان دەدەن کە مردووەکان لە نێو دارەمەیتێکدا دانراون و بە گالیسکەیەك هێنراونە گۆڕستانەکانەوە (Çilingiroğlu 1997: 99).

ئەو مردووانەی دەهێنرانە شوێنی گۆڕەکان گرنگترین ڕێوڕەسمر کە لە پێناویاندا جێبەجێ دەکرا ڕێوڕەسمی "چێشتی مردوو" بوو. بە داخەوە ئەو نزا و نوێژانەی پێش ڕێوڕەسمی چێشتی مردووە جێبەجێ دەکران لە سەرچاوە تۆمارکراوەکاندا نەهاتووە. ڕێوڕەسمی چێشتی مردوو لە دوای ناشتنی مردوو ئەنجامدراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین چێشتەکە بە مردووەکە پێشکەش بکەن پێش ئەوەی بە پێ خاک یان سەرپۆشی بەردینەوە داپۆشرێت. تایبەتیش ئەو سەرەداوانەی لە گۆرستانی شارکۆنیس'ی شاری وان دا بە دەست هێنران دەری دەخەن کە بڕێک لە  چێشتی مردووان لە نێو قاپەکاندا لە گۆڕەکان دانراون. سەبارەت بەوەی کە بۆ ڕێوڕەسمی مردووناشتن چ جۆر ئاژەڵێک قوربانی کراوە وێنەی هەڵکۆڵراوی زۆری لە بەر دەستدان. بە پێ ئەو داتانەی لەمر وێنانەوە وەرگیراوە، بۆ ڕێوڕەسمی مردووان بە شێوەیەکی تایبەتی گا و بزن هەڵبژێردراوە (Çilingiroğlu 1997: 102).

دیاری و خواردنی مردوو لە ژووری ناشتنەکاندا دانرابوو. ڕەنگە خواردنی مردووەکان لە ناوچەی گۆڕستانەکەدا کوڵاوە. لە ئێلازیغ/کالەکۆی، قەرەگوندوز و دڵکایا، کۆشک و تەندووری دۆزرایەوە کە وا بیردەکرێتەوە بۆ لێنانی گۆشتی قوربانی بەکاربهێنرێن(Çilingiroğlu 1997: 99; Sevin-Kavaklı 1996: 26). دوای قۆناغی چێشت لێنان، پرسیارێک دێتە بەرچاو کە خواردنەکە لە کوێ و لە چ جۆرە دەفرێکدا دەخورێت. کاتێک مۆر و هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان پشکنینیان بۆ کرا، باس لەوە کرا کە مێزی قەبارە جیاوازەکان  بۆ خواردنی مردووەکان بەکارهێنراون. جگە لە سفرە، بۆ خواردنەوە؛ پەرداخ و قاپ و قاپی دەستەدار بەکاردەهێنرا. دەوترێت ئەو نانانەی پێیان دەگوترا نانی کراوە لەناو قاپێکی گەورەدا لەسەر مێزەکە بەجێدەهێڵرا(Derin 1993: 155).

دوای ئەوەی مردووەکە خرایە ناو گۆڕەوە، دەبوو ژەمی مردووەکە ڕێکبخرابا. خواردنی مردوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەردەوام بوو لە ژیان وەک یەکێک لە کۆنترین نەریتەکانی خەڵکی ئورارتو، هەرچەندە دۆزینەوەکانی پەیوەست بە خۆراک زۆرجار لە گۆڕەکاندا


ڕووبەڕوو نابنەوە، بەڵام هەندێک دۆزینەوە وەک کۆفە و ئێسکی ئاژەڵان بوونی ژەمێکی لەو جۆرە ئاشکرا دەکەن. جگە لەمانە، زانیاری لەسەر خواردنی مردووەکان لەو دیمەنانەدا هەیە کە لەسەر مۆر و میلی بەردین و تابلۆی دیوار و پلێتە برۆنزیەکان وێنا کراون(Derin 1993: 154).

سەبارەت بەوە زانیاری یەکلاکەرەوە لە بەر دەست نیە کە ئاخۆ ئاژەڵی قوربانییەکان لە گۆرەستانەکاندا سەربڕاون یان نا. لەو شوێنەوارانەدا کە هەڵکۆڵینیان بۆ کراوە قوربانگایان تیا دۆزراوەتەوە. لەو ئاژەڵانەی کە قوربانی کراون لەوانەیە بەشێکیان بۆ خواوەندەکان پێشکەش کرا بێت. بەشەکانی ئاژەڵەکانیش لە لایەن بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکەوە برژێنراون و خوراون. بڕێکیشیان بە پێ ئەو زانیارییانەی کە بە هەڵکۆڵینە شوێنەوارناسیەکانەوە سەلمێنراون، لە نێو قاپ و دەفرەکاندا لە تەنیشت مردووەکان دانراون. لە شاری وان، لە گۆرستانەکەی ە "دیلکایا"دا لەو گۆرە ئورارتوییانەی سەردەمی سەرەتاکانی چاخی ئاسنی تیادا دۆزراوەتەوە. گۆرەکان لە جۆرە شوێنێکدا دانراون کە بە بەردەکان ڕازێنراوەتەوە. ئەو گۆرە سەرەتاییانە لە بەرد دورستکراو و ئەو گۆرانەی جەستە سووتاوەکان لە سەر ئەم شوێنە بە بەرد ڕازاوەیەدا دانراون. لەوە دەچێت لەم گۆڕەپانە بەردینەدا خوانی پەیوەست بە ڕێوڕەسمی مردووناشتن ئەنجام درابێت. لە "کالەکۆی"ی شاری خارپێت(ئلازیز، "ئالازغ")، لە شارکۆنیس'ی شاری وان و دیلکایا و لە گۆرستانەکانی ئەم شوێنانەدا گۆرەپانێکی زەمینە بە پێ بەرد داپۆشراو دەرهێنراوە کە ئەو تەندوور و ئاگردانەی ئەم گۆرەپانە ئەگەری زۆریان هەیە لە برژاندنی گۆشتی ئاژەڵە قوربانییەکاندا بەکارهێنرا بێت. لەو نموونانەی "کالەکۆی" و "دیلکایا"دا تەندوورەکان لە شێوەی سمی ئەسپەکاندا درووست کراون. بە بەئەگەرێکی زۆرەوە ئەم جۆر تەندوورانە بەردەوامی نەریتی هەمان ناوچەی ترانزقەفقازیای سەرەتاکانی سەردەمی چاخی برۆنز بوو کە لە تەنیشت گۆرەکاندا دۆزراونەتەوە. ئێسکوپرووسکی ئاژەڵی وەک مەڕ و بزن، کە لەم گۆرسانەدا دەرهێنرا بوون، لەوە دەچێت ئەو پاشماوانە لە چێشتی مردووە جێ مابن. لە هەنگاوی بەرێوەچوونی ڕێوڕەسمی چێشتی مردوواندا بۆ خواوەندەکان یان مردووان پێشکێشکردنی چێشتەکاندا ئاخۆ مێزی پێشکەشی تیا بە کار هات بوو، بەڵام لە سەر زۆرێک لە پشتێن یان لەوحەی برۆنزیی تایبەت بە ڕێوڕەسمی مردووناشتنی ئورارتوویەکاندا وێنەی خوانی ڕێوڕسمی مردووناشتن لە سەر ئەم جۆر مێزانەدا پێشکەش کراون. لە جۆرە جیاوازەکانی گۆرە ئورارتوویەکاندا تیادا کۆمەڵێ پاشماوەی ئەم جۆر مێزانە دۆزراونەتەوە ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە هەنگاوی ناشتنی خەڵکی ئاسایی مێزی پێشکەشیکردن بە کار هێنراوە. لەو تەندورانەی هاو شێوەی سمی ئەسپێکاندا بۆ پێشکەشکردن خواوەندن بۆ بەشداربووان، چێشتی تیا لێ نراوە کە برێ لەم چێشتانەش بۆ مردووەکان تەرخان کرا بوون. هاوکات لەو خوانانەی پەیوەست بە ڕێوڕەسمی مردووناشتندا شەراب یان ئاو لە نێو مەسینە یان گۆزەی بچووکدا بۆ ئامادەبووان و مردووان پێشکەش کراوە ، بۆ ئەوەی لە ژیانی جیهانەکەی تر بە کاری بهێنن (Çilingiroğlu 1997: 99).

بۆچوونێك ڕای وایە کە ئەم کەسانە سەر بە چینی 'دەوڵەمەند' بوون، وەک فەرمانڕەوا و ئاغاکان. ئەوانەی لە ژیاندا نەیانتوانیوە ئەم مەڕاسیمە بەدەست بهێنن، ڕەنگە دوای مردن نەتوانن پێی بگەن: دەبینین تەنها دەفری خواردن و خواردنەوە لە تەنیشت ئەوانەی لە گۆڕە زەوییە سادەکانی کەمتر شایستەدا نێژراون دادەنرێت. ئەمانە هەندێک جار چەک و جوانکاری لەگەڵدایە( Derin 1993: 141–142).

ئەو گۆزە و مەنجەڵانەی لە ژووری ناشتنەکاندا دەدۆزرێتەوە و هەندێکجاریش ژمارەیان لە سەد زیاترە، ئەو دەفرانەن کە خواردنی مردوویان تێدا دانرابوو. لە گۆڕەکانی کاراگوندوزدا، ئەو قاپانەی کە ئێسکی ئاژەڵیان تێدا دۆزرایەوە، لە شوێنی خۆیان دۆزرایەوە، ئەمەش ئەم دۆخەی سەلماند(Sevin-Kavaklı 1996: 25). دەتوانرێت بڵێین بەزۆری قاپەکانی گۆشت لەناوی دادەنرێت. جگە لەوەش پاشماوەی ترێ، گەنم، نۆک، کە لە هەندێک لە گۆڕەکانی یۆنکاتێپیدا دۆزراونەتەوە، ئەوە دەردەخەن کە دانەوێڵە یان خۆراکی هاوشێوەی میوەش وەک خواردنی مردوو پێشکەش دەکرا و لەناو قاپدا دانرابوو. وا بیر دەکرێتەوە کە خواردنەوەکان بەزۆری لەناو دەفری جۆری گۆزەدا دانرابوون(Konyar 2005: 41). زانراوە کە هەندێک قاپ لە سەری مردووەکاندا لە هەندێک لە گۆڕە زەوییە سادەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا دۆزراونەتەوە. لە گۆڕستانی ئیغدر لە تەنیشت ئێسکەپەیکەرەکانەوە دەفرێک و کۆزە و پارچەی سیرامیک بە شێوەی جۆراوجۆر دۆزرایەوە، هەرچەندە لە ناوچەی H کە بە گوێرەی هەڵکۆڵەران ناوی لێنراوە لە ڕۆژئاوای بەردەکەدا بڵاوبوونەتەوە (Barnett 1963: 155 ). قاپێک لە تەنیشت ئێسکەپەیکەرەکانەوە لە گۆڕەکەدا کە دەکەوێتە نزیک کالێچیکەوە بەجێماوە. لە گۆڕە زەوییە سادەکەی ژمارە ئاپانیسی یەکەمدا، جگە لە گوارەی برۆنزی، لە نزیک سەری ئێسکەپەیکەرەکە، کوپێکی دوو دەستە و پارچە پارچەی سەر بە دوو دەفر دۆزرایەوە. وەک لە گۆڕی ئاپانیەکاندا، جامێک و دوو قاپ لە گۆڕی ژمارە 10 دۆزرایەوە. جەخت لەوە کرایەوە کە ئەم دۆخە لێکچوونەکەی لە نەریتی ناشتندا نیشان دەدات. ئێسکەپەیکەری ئاژەڵان کە لە دامێنی ئێسکەپەیکەرەکەدا لە گۆڕی پاتنۆس-دێدێلی A1 و لە لای چەپی پلیکانەکان لە دەروازەی

گۆڕەکە دۆزراوەنەتەوە ڕاگەیەندرا کە پارچەیەک لە خواردنەکان بەجێماوە کە لە تەنیشت مردووەکانەوە بەجێماوە دوای جەژن و کات بەسەر بردن(Derin 1993: 160).



وێنەی ژمارەی (13):مەڕاسیمی ئامادەکردنی چێشت (Çilingiroğlu 1997, Çizim 21)

لە هەڵکۆڵینەکانی گۆڕستانی قەڵای وان/ئایانیس، قاپێکی تەخت و قاپێکی دووەم کە ئەم قاپەی داپۆشیبوو لەسەر دەفرەکە دۆزرایەوە.وا لێکدانەوەی بۆ کراوە کە خواردنی مردوو بۆ مردووەکان لەناو قاپەکەدا بمێنێتەوە، و ڕێوڕەسمی خواردنی مردوو لە سووتاندنی جەستەدا بەڕێوەچووە( Çilingiroğlu 1998, 236). هاوکات لای لە ئورارتوییەکان دوای یان پێش ڕێوڕەسمی پرسەکە ژەمێک ئامادە کراوە(Sevin-Kavaklı 1996: 8.; Çilingiroğlu 1998: 235). بەڵگە هەیە کە نیشان دەدات کە ڕێوڕەسمی ئاهەنگی ئورارتی بۆ مردووەکان بەڕێوەچووە. بەڵام ئەستەمە بڵێین ئەو دیمەنانەی ئاهەنگگێڕان کە لە ئورارتودا وێنا کراون پەیوەندییان بە کولتوری مردووەکانەوە هەبوویێت. بە پشتبەستن بە دیمەنەکانی خواردنەوەی خواردنەوە لەسەر کارە جۆراوجۆرەکان و چالاکییەکانی دەرەوە و بوونی خواردن و خواردنەوە لەسەر مێزەکان، ئەوە لێکدەدرێتەوە کە ئەم دیمەنانە جەژنێکن بۆ مردووەکان. بەڵام لە نووسراوەکاندا هیچ زانیارییەک لەسەر مەراسیمی پرسەکە نییە و لە دیمەنەکانی ئاهەنگەکەدا لەسەر پلێتەکانی نەزر و پارچە کەوانە هیچ وەسفێک نییە بۆ مەراسیمی پرسە. لە کاتێکدا لێکۆڵەر و شوێنەوارناس چیلینگرۆئۆغڵو تایبەت بە پسپۆری سەردەمی ئوراتو پێی وایە کە دیمەنەکانی ئاهەنگەکە "جەژنی مردن" نین بەڵکو "ئاهەنگێکی نەزر"ن کە پێشکەش بە خواوەندەکە دەکرێت، هاوکات ئەم میلە بەردینانەی کە نوێنەرایەتی "ژەمی مردن" دەکەن چونکە خاڵی سەرەکی کولتوری مردووەکان بوون وەک لە سەردەمی شانشینی کۆن لە میسر( Van Loon 1986: 246). بە هەمان شێوە بە "جەژنی مردن" وەسفی دەکات، بە پشتبەستن بە لێکچوونی لەگەڵ میلە بەردینەکانی گۆڕەکان لە هونەری کۆتایی هیتی دێرین لەو باوەڕەدایە کە ئەم دیمەنانە جەژنە بۆ مردووەکان، بەو پێیەی ئەو پارچانەی کە ستاندی گا و مێز و کورسییەکانیان لەسەرە کە پێیان بە زیو پۆشراوە و پارچەی قاپەکان کە لە گۆڕە جۆراوجۆرەکانی ئورارتودا دەدۆزرێتەوە، لەو نموونانە دەچن کە لە وەسفەکانی دیمەنی ئاهەنگگێڕان( Derin 1993: 161-162; Derin 1995: 136-137). جگە لەوەش، ئەی چیلینگرۆئۆغڵو پێشنیاری ئەوە دەکات کە لە دیمەنەکانی سەر کەوانەیەک کە شوێنی دۆزینەوەی نادیارە، لە ئەگەری ئەوەی کە فەرش یان شتە مات پێچراوەکەی سەر مێزەکە مردبێت، ڕێوڕەسمی سەر کەوانەکە ڕەنگە ڕێوڕەسمی ناشتن بێت، و ئەگەر تەلارسازی ئەو بیناسازییەی کە دوکەڵەکەی لێیەوە دێتە دەرەوە گۆڕەیەکە، واتە شوێنی سووتاندن و شوێنی سووتاندن و پەرستشەکانی پەیوەندیدار دەتوانرێت زیندوو بکرێتەوە( Kellner 1991: 282).

بە دڵنیایەوە کە 'ئاهەنگێک' لە پێشکەشکردنی گۆشتی قوربانی بە مردووەکاندا دانرابوو( Derin 1996: 135–142; Çevik 2000: 78–77): بری و جۆراوجۆری گۆزەکان کە لەم گۆڕانەدا دۆزراونەتەوە دەیسەلمێنێت کە جگە لە خواردن، خواردنەوەکانیش لەم گۆڕانەدا بەجێهێڵراون. ئەوەی کە ئەو مێز و کورسی و کەلوپەلەکانی تری مۆبیلیات کە لە ژوورەکانی ناشتنەکاندا بەجێماوە لەگەڵ گۆزەکاندا دۆزراونەتەوە، ئەوە دەردەخات کە ئەم شوێنانە کراونەتە 'ماڵێک' بۆ مردووەکان (Çevik 2000: 78).

## 4. ئەنجام

نەریتی مردووناشتن و مەڕاسیمەکان لای ئورارتو، تایبەتمەندی خۆی هەبووە، ئەوەی کە تا ئەمڕۆ شوێنەوارناسان پێی گەیشتوون بریتیە لە شەش  جۆری ناشتن کە خەڵکی ئورارتو بە درێژای مێژوو پەیڕەویان کردووە.ئەوانیش گۆڕی ژووری ژێرزەوی (گۆڕی نەخشێنراو، گۆڕی گرێدراو و گۆڕی نەخشێنراو-گرێدراو)، بەرد – گۆڕی سندوق، گۆڕی سادە، گۆڕی گۆزە، خۆڵەمێش لەناو گۆزە، گۆڕی بەردینە.  ئەم جیاوازیەش بەهۆی جۆراوجۆریەتی  بیروباوەڕی دانیشتوان و پلەی کۆمەڵایەتی لە نێوان چینەکان کاریگەری خۆی هەبووە، وا دەردەکەوێت ئەو گۆڕانەی کە لە ناو سینگی چیاکان هەڵکۆنراو و داتاشراون زیاتر پەیوەست بە پاشاو خانەدانەکان بوونە، گۆڕی ئاسایش بە درێژای مێژوو تا ڕۆژگاری ئەمرۆ پەیرەو دەکرێت یەکێك بووە لە باوترین جۆرەکانی ناشتن، لەبەرامبەر ئەمە گۆڕە گۆزیەکان تایبەت بە منداڵ بوونە ، ئەمەش بەهۆی بچوکی قەبارەیانەوە بووە ، هاوکات گۆڕە سندوقیەکان بەهەمان شێوە جۆرێکی باو بوو کە خەڵکی مام ناوەند زیاتر بەکاریان هێناوە، لە پاڵ گۆڕە بەردینەکاندا. سەبارەت بەسوتاندنی مردووش سەرەڕای باوی جۆرەکەی، لێلی زۆر هەڵدەگرێت ، بەو پێەی نەریتێکی زۆر باو نەبووە لە ئێران و میزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ، تا ئەمرۆش لە لایەن لێکۆڵەران مشتومڕی زۆری لەسەر دەکرێت، بەڵام خەڵکی ئورارتو زۆر بەفراوانی جێبەجێیان کردووە.

نەریتی مردوو ناشتن لای خەڵکی ئورارتو تا ڕادەیەکی زۆر لاسای و باو بووە لە ناوچەکە، ئەمەش بە هۆی نزیکی جوگرافی ناوچە لە یەکترە بووە، گەلی ئورارتو بڕوایان بە زیندبوونەوەی مردووەکانیان هەبووە، باوەریان وابووە کە مرۆڤ دوای دەرچوونی لەم جیهانە جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە. بەو بەڵگەی ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی تایبەتیان لە سەر گۆڕەکان ئەنجامداوە، قوربانیان بۆ کردووە و خواردنیان لە ناودەفرەکان لە ژێر سەری داناوە، ئەمە جگە لەوەی کە کەلوپەلی جوانکاری جۆراو جۆریان پێشکەش بە مردووکانیان کردووە.

## سەرچاوەکان


- Afif Erzen, 1992 Doğu Anadolu ve Urartular, Printed At Turkish Historical Society, Ankara..
- Bakır T.-Çilingiroğlu A.1987 “Kaleköy Kazısı 1979”, Aşağı Fırat Projesi 1978-1979 Çalışmaları, Ankara.
- BARNETT, R. D., , 1963 “The Urartian Cemetry at Igdyr”, Anatolian Studies, XIII, 153-198.
- Baştürk 2006 M.B. Baştürk, *Urartu’nun Etnik Kökeninin Dil ve Din Açısından İncelenmesi*, Ege Üniversitesi Edebiyat Fakültesi Arkeoloji Bölümü, Protohistorya ve Önasya Arkeolojisi A.B.D., Yayınlanmamış Lisans Tezi, İzmir,.
- Belli O. 1998 Anzaf Kaleleri ve Urartu Tanrıları, İstanbul.
- Çevik N.2000 Urartu Kaya Mezarları ve Ölü Gömme Gelenekleri, Ankara.
- Çilingiroğlu 1993 “Ayanıs Kalesi Dünyada Van” Van Valiliği Kültür ve Sanat Dergisi3,1993, 6-8
- Çilingiroğlu 1999, “Van Ayanis Kalesi Kazıları-1997”,
- Çilingiroğlu A 1984 “Tanrı Assur’a Bir Mektup”, Tarih İncelemeleri Dergisi II, 1-26.
- Çilingiroğlu A 1986 “Van Bölgesi ve Ordu İli Yüzey Araştırması 1985”, Araştırma Sonuçları Toplantısı IV, 311-322.
- Çilingiroğlu A 2005 “Ritual Ceremonies in the Temple Area of Ayanis”, Anatolian Iron Ages 5, Proceedings of the Fifth Anatolian Iron Ages Colloquium held at Van, 6-10 August 2001, British Institute at Ankara Monograph 31, (ed.
- Çilingiroğlu A.- Derin Z. 1990 “Van-Dilkaya Kazısı,”, XIII. Kazı Sonuçları Toplantısı I, Ankara, 403-422.
- Çilingiroğlu A.1997 Urartu Krallığı Tarihi ve Sanatı, İzmir.
- Çilingiroğlu A.1998 “Urartu’da Tapınma ve Tapınma Yerleri”, Karatepe’deki Işık: Halet 1 . Çambel’e Sunulan Yazılar, İstanbul, 229–241.
- Çilingiroğlu, A.-French, D. H.,1991.“Early Iron Age at Dilkaya”, Anatolian Iron Ages II,Ankara, s.29–38.
- DERĠN, Z., “Van Müzesi‟nden Bir Grup Tunç Mobilya Aksamı ve Bunların Urartu Gömü Geleneği Ġle ĠliĢkisi”, Arkeoloji Dergisi, IV, Ġzmir, 1995, 140-146.
- DERĠN, Z., Demir Çağ’da Doğu Anadolu’da Ölü Gömme Gelenekleri, (Ege Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü, YayınlanmamıĢ Doktora Tezi), Ġzmir, 1993.
- Derin Z. 1993 Demir Çağ’da Anadolu’da Ölü Gömme Gelenekleri, Ege Üniversitesi,
- Diakonoff I. M. 1991 “Sacrifices in City of Teişeba (UKN II 448) Lights on the Social History of Urartu”, Archäologische Mitteilungen aus Iran 24, 13-21.
- Erksin Güleç, “Van Dilkaya İskeletlerinin Paleoantropolojik İncelemesi”, 4. AraĢtırma Sonuçları Toplantısı”, Ankara, (1986), s.369–374.
- Girginer, K. S., 1991.“Urartu Dönemi Mezarları ve Ölü Gömme Adetleri”,Yayınlanmamış Yüksek Lisans Tezi, Ankara.
- Kemalettin Köroğlu, Urartu Krallığı Döneminde Elazığ (Alzi) ve Çevresi, İstanbul, 1996, s.77.
- KONYAR, E., “Urartu‟da Mezar Tipleri ve Gömü Adetleri”, TURİNG, Türkiye Turing ve Otomobil Kurumu Belleteni, 89, 2005, 36-40.

- Melikişvili, G. A., 1965, “Die Gotterpaartrias an der Spitze des Dergisi, sayı: 23, Ankara, s.:39-49.
- Merhav R.1991b “Everyday and Ceremonial Utensils”, Urartu A Metalworking Centre in the First Millennum B.C.E.,(ed. Merhav), Tel Aviv, 198-243.
- Özgüç T.1969 Altıntepe II, Mezarlar, Depo Binası ve Fildişi Eserler, Ankara.
- Piotrovski, B. B., 1965, “Urartu Dini”, Dil ve Tarih Coğrafya Fakültesi
- Piotrovsky 1965 B.B. “Urartu Dini” Ankara Üni. Dil ve Tarih Coğrafya Fk. Dergisi 23/1-4, 1965, 37-49.
- Salvini, M. 2006, Urartu Tarihi ve Kültürü, Arkeoloji ve Sanat Yayınları, İstanbul.
- SEVĠN, V.-KAVAKLI, E. 1996, Van/Karagündüz. Bir Erken Demir Çağ Nekropolü, Ġstanbul,.
- Sevim Buluç, 1992 Anadolu‟da Kremasyon Ölü Yakma-Geleneği, Yılı Anadolu Medeniyetleri Müzesi Konferansları, Anadolu Medeniyetleri Müzesi, Ankara, , s.90.
- Sevin V. Sevin, 2003Anadolu Arkeolojisi, İstanbul, XX. Kazı Sonuçları Toplantısı I, Ankara, 1999 ,527-540.
- Sevin 2003 V. Sevin, Eski Anadolu ve Trakya Başlangıcından Pers Egemenliğine Kadar, İstanbul, 2003.
- Sevin V.-Kavaklı E. 1995 “Van-Karagündüz Erken Demirçağ Nekropolü Kurtarma Kazıları 1992-1993”, XVI. Kazı Sonuçları Toplantısı I, 331-3507
- Sosyal Bilimler Enst. Arkeoloji ve Sanat Tarihi Ana Bilim Dalı,
- Tahsin Özgüç, 1969 Ön Tarih‟te Anadolu‟da Ölü Gömme Adetleri, Türk Tarih Kurumu, Ankara, , s.48-60
- Taner Tarhan1948 “Van Kalesi‟nin ve Eski Van Şehri‟nin Tarihi-Anıt Yapılar”, 3. AraĢtırma Sonuçları Toplantısı, Ankara,(1985),s.297–310.
- Tarhan, T., 2011, “Başkent Tuşpa / The Capital City Tushpa urartaischen Pantheons’’, Orientalia 34, s.:441-445.
- Urartu: Doğu’da Değişim / Transformation in the East, Yapı Kredi Yayınları, İstanbul, s.: 286-333.
- van Loon M. N. 1966 Urartian Art, Its Distinctive Traits in the Light of New Excavations, İstanbul.
- Veli Sevin,1978 “Urartu Çömlekçiliğinde Kapak” Anadolu Araştırmaları IV-V, Ankara
- Veli Sevin, 1976/1977 “Urartu Oda-Mezar Mimarisinin Kökeni Üzerine Bazı Gözlemler”, Anadolu Demir Çağları-Anatolian Iron Ages, I. Anadolu Demir Çağları Bildirileri, İzmir.

# Urartian Dead Burial Tradition

**Didar Osman Rasool**
Department of History, Collage art, Zakho University
didarothman86@gmail.com

**Emad Abdulqadir Mazuri**
Department of History, College of Arts, Raperin University
imadabid75@gmail.com

**Abstract**
The investigation consists of headlines such as: typological classification of graves and treasures, sacred places, architectural ornamentations, grave remains and with the help of these information burial traditions.
In Urartu civilization governors were buried together into the big castles or rock graves with many rooms whereas ordinary people according to their social status were buried into room graves built underground, simple soil graves, or after being burn they were buried into the cubes called 'urne'. The dead body was burned just beside the graveyard. Burned bones were used to be located properly into the cube and the cube was covered by another pot. Urartian King tombs have monumental specialties.
There are many royal tombs-chambers in the rocks of Van Kale (Tuşpa) which have been made by engraving the rocks properly and within a plan. The front façade architecture of these wonderful monumental tombs shows the ability of Urartians. These tombs are organized from different and various sized chambers. Therefore, the information about the dead burial customs in Urartians are tried to be obtained from the archaeological findings only.

**Keywords**: Kuraish history, Dead burial tradition, Urartian's, Urartian's believed

## الاساليب والمراسم الدفن الموتى عند الاورارتيين

**ديدار عثمان رسول**
قسم التاريخ، فاكلتى اداب، جامعة زاخو
didarothman86@gmail.com

**عماد عبدالقادر مزورى**
قسم التاريخ، فاكلتى اداب ، جامعة رابرين
imadabid75@gmail.com

**ملخص**
يتكون البحث من عناوين رئيسية: التصنيف النوعي للمقابر والكنوز. والأماكن المقدسة، والزخارف المعمارية، وبقايا القبور بمساعدة تقاليد الدفن المعلوماتية هذه. دُفن الحكام في حضارة أورارتو في القلاع الكبيرة أو القبور الصخرية التي تحتوي على العديد من الغرف، في حين دفن الأشخاص العاديين وفقاً لوضعهم الاجتماعي في مقابر الغرف المبنية تحت الأرض، أو قبور التربة البسيطة، أو بعد حرقهم، تم دفنهم في أواني تسمى 'الجرة ". تحرق الجثة بجوار المقبرة.
الدفن والطقوس المتعلقة بالموت، والأحكام والهدايا التي تُركت في القبر والتي شهدت عبر تاريخ البشرية كانت علامات. يحتوي التصنيف النمطي للمقابر والكنوز في أورارتو على مواضيع حول الأثريات وفي ضوء هذه المعرفة، نتعرف على تقاليد الدفن وطقوس الموت.
هناك العديد من غرف المقابر الملكية في صخور فان كالي (توشبا) والتي صنعت عن طريق نقش الصخور بشكل صحيح وضمن مخطط. تظهر الهندسة المعمارية للواجهة الأمامية لهذه المقابر الأثرية الرائعة قدرة الاورارتي على تنظيم هذه المدافن من حجرات مختلفة ومتنوعة الحجم، لذلك فإن المعلومات حول عادات الدفن في أورارتو نحصل عليها من الاكتشافات الأثرية فقط.

**الكلمات المفتاحية:** الاورارتيين، حضارة اوراتو، الاساليب والمراسم ، دفن الميت.